

# لۆژیکی مسعود بارزانی پێگەی هەرێمی کوردستانی هاوتای دەوڵەتانی سەربەخۆ کردووە



**((لەساڵی ١٩٥٢ کە دوایەمین ساڵی سەرۆکایەتییەکەی بوو، ترۆمان گەیشتە ئەو ڕاستییەی کە سەرکەوتن بەو شێوازەی ئەمریکا ئومێدی بۆ دەخوازێت، لە کۆریادا مومکین نییە، هێزەکانی ئەمریکا لەم شەڕەدا نادۆڕێن، بەڵام براوەش نابن، ئەوکات ٢/٣ رای گشتی ئەمریکا دژی شەڕی کۆریا بوون، بۆیە ترۆمان ئومێدی وابوو ئەو پرۆسە ئاشتییەی لەساڵی ١٩٥١ەوە دەستی پێکردبوو بگاتە ئاکامێک، بەڵام تیمی ئەمریکا لەو پرۆسەیەدا لەژێر کۆمەڵێک گوشاردا بوون، کۆمارییەکان ڕەخنەیان ئاراستەی دیموکراتییەکان دەکرد بەوەی نەرمی بەرامبەر بەرەی کۆمۆنیست دەنوێنن، بەڵام دیموکراتەکان پێیانوابوو چۆن پاکانە بۆ کوشتنی ٥٠ هەزار سەربازی ئەمریکا بدۆزنەوە لەکاتێکدا ئاکامی بردنەوەی ئەو شەڕە دیار نییە، هەروەها بیرکردنەوەش لەوەی کۆریا بەیەکگرتوویی هاوپەیمانی ئەمریکا بێت بۆ دژایەتی بەرەی کۆمۆنیست ئەویش لە خەویک زیاتر شتێکی دیکە نییە، بۆیە کاتێک دوای ترۆمان، کاتێک داوید ئایزنهاوەر هات وەک سەرکردەیەکی ئەفسانەیی تەواوی سەربەستی دایە شاندی وتووێژەکانی ئەمریکا، لەهەمانکاتدا هەڕەشەی بە بەکارهێنانی بۆمی ئەتۆمی کرد هەتا ڕێککەوتنی ئاشتی لە ساڵی ١٩٥٣ ئیمزاکرا، هەموو لایەنەکانی نێو ئەم ڕێککەوتنە بێجگە لەکۆریای باشوور، خۆیان لەم پرۆسەیەدا بەدۆڕاو دەزانی، ڕاستە ئەمریکییەکان لە شەڕی کۆریادا**

مەبەست لە نووسینی ئەو پەرەگرافەی بیرمەند و رۆژنامەنووس لەم راپۆرتە، ئاماژەکردنە بۆ ئەو گۆڕانکارییە جیۆسیاسییەی لەئاکامی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق، لە ناوچەکەدا روودەدات، پێگەی هەرێمی کوردستانە لەو جوگرافیا تازەیەدا، ئەمەش خوێندنەوەی واقیعیانەیە بۆ پێگەی هەرێمی کوردستان لەژێر سایەی سەرۆکایەتی بەڕێز مسعود بارزانی دا، خوێندنەوەی پێگەی هەرێمی کوردستانە لەو ستراتیژە تازەیەی کە ئیدارەی سەرۆك ئۆباما بۆ کۆتایی هاتنی شەڕی عێراق و کشانەوەی هێزەکانی لە عێراقدا پیادەی دەکات، کەواتە وەك فەرید زەکەریا بیرمەندی لاو و سەرنووسەری گۆڤاری نیوزویك لە نۆڤەمبەری ٢٠٠٦ لە وتارێکدا بە ناونیشانی دووبارە بیرکردنەوە لەعێراق: هەنگاوەکان بۆ پێشەوە(Rethinking Iraq: The Way Forward)، ئاماژەی پێکردووە، پێویستە شەڕی عێراقیش هاوشێوەی شەڕی کۆریا کۆتایی پێبێت، بێگومان بەراوردکاری نێوان کۆتاییهاتنی شەڕی کۆریا و دابەشکردنی کۆریا بۆ کۆریای باکوور و کۆریای باشوور، مەبەست لێی دابەشکردنی عێراق یان جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق نییە، بەڵکو مەبەست پیادەکردنی سیستمێکی فیدراڵییە کە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی سنووردار بێت و دەسەڵاتی هەرێمەکان فراوان بێت، ئەمەش واتە:

١- ئەو بەراوردەی کە زەکەریا لەوتارەکەیدا لە نێوان شەڕی کۆریا و عێراق کردویەتی ئەوەیە، کە پێویستە ئیدارەی ئەمریکی واز لەو پێناسەکردنەی بۆ سەرکەوتن لە عێراقدا هەیەتی بهێنێت و نابێت عێراق بە رەش و سپی سەیر بکرێت، بەڵکو پێویستە بەدوای چارەسەرێکی خۆڵەمێشیدا بگەڕێت (ئەمەش واتە نە رەش بێت، نە سپی).

٢- ئەمریکا هەتا ئێستا لە عێراقدا بەو ئاستە سەرکەتوو نەبووە کە ئومێدی بۆ خواستووە، بەڵام شەڕەکەشی نەدۆڕاندووە، بۆیە دەبێت بەدوای چارەسەرێکدا بگەڕێت ئەگەر سەرکەوتنیشی بۆ بەدەست نەیەت خۆی لە دۆڕاند دووربخاتەوە.

٣- ئەو وتارەی زەکەریا لە ساڵی ٢٠٠٦ نووسراوە، واتە سەرۆك بوش لە دواین ساڵی سەرۆکایەتی نزیك دەبێتەوە، بۆیە گرنگە بوش وەك ترۆمان هەست بەوە بکات کە بردنەوەی شەڕەکە مومکین نییە و دەبێت بەدوای ئەوە بگەڕێت خۆی لە دۆڕاندن دووربخاتەوە، بۆ ئەوەی زەمینە خۆش بکات سەرۆکی دوای خۆی وەك ئایزنهاوەر بڕیارێکی مێژووی بدات و شەڕەکە کۆتایی پێبهێنێت.

**نەدۆران، بەڵام براوەش نەبوون، بارودۆخی ئێستای عێراقیش بەهەمان شێوەیە، پێویستە ئەمریکا ستراتیژیەتی خۆی بگۆڕێت بۆئەوەی بتوانێت رۆڵی سەرکردایەتی خۆی لە جیهاندا پیادە بکات، بەڵام ئەمە چ کاتێک روودەدات؟ بێگومان وەک ئەو عێراقەی ئێستا هەیە سەیری عێراق بکەین نەک ئەو عێراقەی ئێمە ئومێدمان بۆ دەخواست، ئەگەر وەک سەرۆک بوش پێناسەی سەرکەوتن دەکات، ئەو کاتە سەردەکەوین کە هەموو کارەکان لە عێراقدا تەواو بکەین، ئەوا ئەو دەوڵەتەی بیری لێدەکەینەوە دەوڵەتی خەیاڵە نەک ئەو دەوڵەتی ئێستا بە واقیعی هەیە)).**

***

**فەرید زەکەریا - نۆڤەمبەری ٢٠٠٦**



٤- هاتنی ئۆباما دوای بوش، لە زۆر رووەوە لە هاتنی ئایزنهاوەر دەچێت دوای ترۆمان، بەڵام جیاوازی لە نێوان سەرکردەیی ئەفسانەیی ئایزنهاوەر و ئۆباما ئەوەیە، ئایزنهاوەر هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی کرد، بۆ ئەوەی لایەنەکانی کێشەکە (لایەنە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان) لەسەر کۆتایی هاتن بەو شەڕە بگەنە رێککەوتنێك، بەڵام ئەفسانەی سەرۆکایەتی ئۆباما بۆ کۆتاییهێنان بەشەڕی عێراق، بەکارهێنانی هێزی نەرم ( Soft Power) و هاندانی لایەنەکانی کێشەکەیە بۆ پیادەکردنی هێزی نەرم و دۆزینەوەی خاڵ و بەرژەوەندی هاوبەش و دۆزینەوەی چارەسەری ئاشتیانە بۆ کێشەکانی ناوخۆیی عێراق و کێشەکانی عێراق و دەوڵەتانی ئیقلیمی و گەڕانەوەی عێراق وەك دەوڵەتێکی هاوچەرخ بۆ نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

٥- بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج و هەڵوەستەی چاودێران و ناوەندەکانی توێژینەوە و تەنانەت سیاسەتمەدار و سەرۆکەکانی وڵاتانی دەوروبەریش ئەوەیە، کە کلیلی سەرکەوتنی ئەم ستراتیژیە تازەیە هەرێمی کوردستانە و نەخشەی تازە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ستراتیژیەتی تازەی ئەمریکا بۆ سەرکردایەتی جیهان بە هەرێمی کوردستاندا تێدەپەڕێت، هەروەها لەمەش زیاتر پێوەندییە ئیقلیمییە سیاسی و ئابوورییەکانی عێراقیش لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێی و یەکێتی ئەوروپا بە هەرێمی کوردستاندا تێدەپەڕێت و ئەگەر ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا و دەوڵەتانی ئیقلیمی خوازیاری ئەوەن شەڕی عێراق بە شێوەیەکی سەرکەوتنانە کۆتایی پێبێت و عێراق ببێتەوە ئەو دەوڵەتەی کە لەنێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا پێگەی خۆی وەربگرێتەوە، ئەوا دەبێت پێش هەر شێونێك، عێراقە ئارام و دیموکراتیەکە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە هاوتای کۆمەڵگەی ئەندامی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی قبوڵ بکرێت، ئەو عێراقە ئارام و دیموکراتیەش هەرێمی کوردستانە.

## چۆن هەرێمی کوردستان لەم ستراتیژیەتە تازەیە بووە خاوەنی ئەم پێگە گرنگە

هەتا ساڵی ٢٠٠٦ و پێش ئەوەی مەزاری هەردوو ئیمام عەلی هادی و حەسەن عەسکری لە سامەڕا بتەقێنرێنەوە و عێراق بگاتە ئەوەی رووبەڕووی شەڕێکی مەزهەبی توندبێتەوە، ئیدارەی ئەمریکی لەسەردەمی سەرۆك بوش بەو جۆرە بیری دەکردەوە، کە دەبێت عێراق ببێتە دەوڵەتێکی دیموکراتی و یەکپارچەیی خاکەکەشی بپارێزرێت و دەوڵەتێك بێت هاوپەیمانی دەستە راستی ئەمریکا بێت



## ئاڵپەر کالیبەر بۆ گوڵان:

# ئەزموونی هەرێمی کوردستان کاریگەریی دەبێت لەسەر درووستکردنی داهاتووی عێراق



## کینس کاتزمان

لەشەڕی دژە تیرۆردا، بەڵام کاتێك عێراق خۆی بووە گۆڕەپانی شەڕی تیرۆر دژی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، ئەوەبوو زۆر لە چاودێرانی بارودۆخی ئەمریکا بە تایبەتی تۆژەرە باڵاکانی ناوەندەکانی توێژینەوە و هەروەها هەندێك لە دیپلۆماتەکانی پێشووی ئیدارەی ئەمریکا، راشکاوانە رای گشتی ئەمریکایان ئاگادار کردەوە:

- عێراق کۆتایی هات و ئیدی وەك یوگسلافیای پێشوو دەوڵەتێك نییە ناوی عێراق بێت.
- بەغدا لە سایگۆن دەچێت و دەبێت چاوەڕێی ڤێتنامێکی دیکە بین.
- بوش لە عێراقدا پێنج رێگە چارەی خراپی لەبەردەمدایە.
- هەوڵدان بۆ دروستکردنی یەکێتی دەوڵەتەکانی عێراق بە هاوشێوەی یەکێتی ئەوروپا، ئەمەش واتە لەبەر ئەوەی عێراق بۆتە دەوڵەتێکی فاشیل، پێویستە سێ دەوڵەت دروست بکرێت و پاشان ئەم سێ دەوڵەتە وەك دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا لە فیدراسیۆنێکدا کۆبکرێنەوە.

ئەمانە هەموویان وتاری رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی سینك تانکسەکانی ئەمریکا بوون لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٦دا، پێش ئەوەی کۆشکی سپی لیژنەیەك لەهەردوو پارتی کۆماری و دیموکراتی دروست بکات و بە ناوی گرووپی دیراسەتی عێراق (Iraq Study Group)، ئەم لیژنەیە کە لەلایەن سیناتۆری دیموکراتی لی هامیلتۆن و وەزیری دەرەوەی پێشووی سەردەمی بوشی باوك جیمس بیکەر سەرۆکایەتی دەکرا، ناوەکەی گۆڕدرا بۆ راپۆرتی بیکەر – هامیلتۆن، ئەوانەی لەم راپۆرتە بەشداریان کرد، ئەمانە بوون:

١- هەموو ئەو سەرۆکانەی پێشتر سەرۆکی ئەمریکابوون و لە ژیاندا مابوون.

٢- هەموو وەزیرانی پێشووی دەرەوە و بەرگری و راوێژکارانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا کە لە ژیاندا مابوون.

٣- هەموو ئەو تۆژەرانەی کە لە سینك تاکسەکانی ئەمریکا تۆژەرن و تایبەتمەندن لەسەر باری عێراق و سیاسەتی دەرەوە و سیاسەتی ئاسایش و بەرگری ئەمریکا.

٤- هەموو ئەو کەسانەی لە حکومەتی عێراقدا پۆستی سەروەری و وەزارییان هەبوو.

بۆ گۆڵان:

## بەشەکانی دیکەی عێراق نەیانتوانی سوود لە هەرێمی کوردستان وەربگرن و دیموکراسی بونیاد بنێن

لوئەی بەحری بۆ گۆڵان:

## ئەمریکا نەیتوانی لە عێراقدا ئامانجەکانی بێنێتە دی و دیموکراتی لەعێراقدا بچەسپێنێت




٥- ئەو رۆژنامەنووسانەی هەواڵەکانی عێراقیان رووماڵ کردبوو، یان ستوونووس بوون لە رۆژنامەکانی ئەمریکا.

٦- بۆ کاری ئەم لیژنەیە سەنتەری دیراساتی ستراتیژی ( CSIS) دەسنیشانکرا و ئەنتۆنی کۆردسمان وەك سەرپەرشتیای نووسیینەوەی راپۆرتەکە راسپێردرا.

٧- ئەم گرووپە لە ٢٠٠٦/٣/١٥ دەست بەکار بوون لە ٢٠٠٦/١٢/٦ راپۆرتێکیان بەناوی راپۆرتی دیراسەتی عێراق (ISG) پێشکەش کرد.

### راپۆرتی بیکەر – هامیلتۆن و هەڵوێستی سەرۆك بارزانی

ئەم گروپە کۆمەڵێك راسپاردەیان دابوو بە ئیدارەی بوش، ئەگەر هەڵوێستی سەرۆك بارزانی نەبوایە دژی ئەو راسپاردانە ئەوە ئەو راسپاردانە، بە تایبەتی ئەوانەی کە تایبەت بوون بە چۆنییەتی مانەوەی هەرێمی کوردستان لە عێراق و چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان و پێوەندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراق، ئەوا ئەو پێگەیەی ئێستای هەرێمی کوردستان وەك دەوڵەتێکی دیفاکتۆ بە هاوشێوەی تایوان لەگەڵ چین، ئێستا ئەم پێگەیە بوونی نەدەبوو.

گرنگترین خاڵ کە بەیەکێك لە دەسکەوتە مێژووییەکانی ماوەی سەرۆکایەتی بەڕێز مسعود بارزانی بۆ ئێستا و داهاتوو لە قەڵەم دەردێت، ئەم خاڵانەبوون:

١- سەرۆك بارزانی زوو لەوە تێگەیشت کە ئەم راپۆرتە بە ئەقڵیەتی سەردەمانی جیهانی جەمسەرگەری و شەڕی سارد نووسراوە و هەموو ئەوانەشی بەشداری سەرەکیان لەو راپۆرتە کردووە، سەرۆك و دیپلۆماتکاری سەردەمانی شەڕی سارد بوون و لەژێر کاریگەری ئەو سەردەمە ماونەتەوە، بۆیە قبوڵکردنی ئەو راپۆرتە واتە گێڕانەی باری کوردستان بۆ سەردەمانی شەڕی سارد، ئەمەش واتە پێش دروستبوونی هەرێمی کوردستان.

٢- ئەم راپۆرتە پشتگوێخستن و پەراوێزکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکانی وەك هۆکارێك بۆ گێڕانەوەی سەقامگیری عێراق لەقەڵەم دابوو، لە کاتێکدا شەڕی مەزهەبی و تائیفی لەناو سامەرا و گەڕەکانی بەغدا و شارەکانی فەلوجە و رومادی بوو. بۆیە سەرۆکی کوردستان بە راشکاوانە لە بەغداوە بە





**بەراوردکاری نێوان کۆتاییهاتنی شەڕی کۆریا و دابەشکردنی کۆریا بۆ کۆریای باکوور و کۆریای باشوور، مەبەست لێی دابەشکردنی عێراق یان جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق نییە، بەڵکو مەبەست پیادەکردنی سیستمێکی فیدراڵییە**

هەموو جیهانی راگەیاند، پشتگوێخستن و خۆ دوورخستنەوە لەسەر کێشەی ناوچە دابڕاوەکان بەگشتی و کەرکوک بە تایبەتی، هۆکاری ناسەقامگیری ١٠٠ ساڵی عێراقە و ئێمە ئامادەین لەسەر کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان قوربانی بەهەموو شتێك بدەین، دوای ئەم هەڵوێستە نیشتمانییەی سەرۆك بارزانی و تێگەیشتنی سەرۆك بوش لە ئاستی جدیەتی هەڵوێستەکەی سەرۆك بارزانی، بەتەلەفون پێوەندی بە بەڕێزیان کردوو پێی راگەیاندن، ئەمە راسپاردەی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەیەو ئیدارەی ئەمریکی مولزەم نییە پێوەی، ئەم هەڵوێستە نیشتمانییەی سەرۆك بارزانی جارێکی دیکە لە رۆژی ٢٠١٠/٦/٤ و لە کۆنگرە رۆژنامەنووسیە هاوبەشەکەی لەگەڵ داود ئۆغلۆی وەزیری دەرەوەی تورکیا جەختی لەسەر کردەوە و لە ئەنکەراوە بە جیهانی راگەیاندووە، چارەسەری کێشەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە واتە چارەسەرکردنی کێشەکان و دابینکردنی سەقامگیری لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا.

٣- سەرۆك بارزانی هەر زوو تێگەیشت کە دیپلۆمات و لۆبی دەوڵەتانی دراوسێ کاریگەریان لەسەر داڕشتنی راپۆرتەکە هەیە، لەبەر ئەوەی راپۆرتەکە داوای بونیادی حکومەتێکی سەنترالی بەهێزی بۆ بەغدا کردبوو، بۆیە بەڕێزی زۆر بەتوندی دژی ئەم راپۆرتە راوەستایەوەو رایگەیاند، دەستووری عێراق کە ٪٨٠ ی زیاتری عێراقییەکان دەنگیان پێداوە، عێراقی تازەی وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی و فرەیی و پەرلەمانی پێناسەکردووە و مانەوەی ئێمە لە عێراقدا بەندە بە جێبەجێکردنی ئەو دەستوورەوە، ئەمەش راشکاوانە واتە ئەگەر عێراق فیدراڵی نەبێت و هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فیدراڵی دانپێنراو لەدەستووردا نەبێت، ئەوا هەرێمی کوردستان ناتوانێت بەشێك بێت لەو وڵاتە، یان جارێکی دیکە ببێتەوە بە بەشێك لە دەوڵەتێکی سەنترالی دیکتاتۆری.

٤- ئەم هەڵوێستە نیشتمانییانەی سەرۆك بارزانی زوو راستییەکانی بۆ ئیدارەی ئەمریکی و پسپۆرانی ناوەندەکانی سینك تاکسەکانی ئەمریکا روونکردەوە، لە پێش هەمووانەوە ئەنتۆنی کۆردسمان سەرپەرشتیاری داڕشتنی راپۆرتەکە، ئەم راپۆرتەی بەوە وەسف کرد ( جیهان چاوەڕێی دەکرد فیل بزێت، مشکی بوو، The Elephant Gives Birth to a Mouse)، ئەم پەندە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەو لیژنەیە چەند گەورە بووە و راسپاردەکانی چەند بێمانا و بچووك بوون، ئەمە بێجگە لەو ٥ کەسەی کە پێشنیاری دووبارە دیراسەتکردنەوەی بارودۆخی عێراقیان کردبوو وەك ( ستیفن بیدل، لاری دایمۆند، جیمس دۆبینز، لیسلی گلب، چیم کۆفمان)

**پێویستە ئیدارەی ئەمریکی واز لەو پێناسەکردنەی بۆ سەرکەوتن لە عێراقدا هەیەتی بهێنێت و نابێت عێراق بە رەش و سپی سەیر بکرێت**









**کلیلی سەرکەوتنی ئەم ستراتیژە تازەیەی هەرێمی کوردستانە و نەخشەی تازەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ستراتیژیەتی تازەی ئەمریکا بۆ سەرکردایەتی جیهان بە هەرێمی کوردستاندا تێدەپەڕێت**

ئەم پێنج بەڕێزە ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان بە تایبەت دوای راپۆرتەکە دیمانەمان لەگەڵ کردوون و هەموو پێیان راگەیاندین، کە ئەوان رایان لەگەڵ راسپاردەکانی ئەو راپۆرتە نییە و ئەوەی لەو راپۆرتە نووسراوە شتێکی تەوافوقی ئەو خەڵکانەیە کە راوێژیان پێکراوە، یان لە داڕشتنی راپۆرتەکە بەشداربوونە.

## هەرێمی کوردستان لە عێراقی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکادا

بڕیاری ئیدارەی ئۆباما بۆ کشانەوەی هێزەکانی بە قۆناغ لە عێراق و کەمکردنەوەی لەمانگی ئابی دادێ، بڕیارێکە تا ئێستا ئیدارەی ئەمریکا سووربوونی خۆی لەسەر ئەم بڕیارە دووپاتدەکاتەوە، ئەمە لەکاتێکدا هەتا ئێستاش دیار نییە ئایا هەتا مانگی ئابی دادێ حکومەتی نوێی عێراق پێکدەهێنرێت یان نە ؟ سەبارەت بەوەی تاچەند لە جێبەجێکردنی بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا کاریگەری رەوشی سیاسیی عێراق دەبێتە هۆی دواخستنی؟ پرۆفیسۆر ئالپەر کالیبەر ئوستادی زانستی سیاسەت و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان تایبەتمەند لە سیاسەتی تورکیا و عێراق لە زانکۆی بیرنگهام لەبەریتانیا بەمجۆرە وەڵامی پرسیاری ئەم راپۆرتەی داینەوە و وتی: (سەرەتا و پێش هەموو شتێك، لەو بڕوایەدانیم کە رەوشی ئاسایش و سەقامگیریی عێراق یەکێك بێت لە ئەولەوییاتەکانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا. پێویستە عێراقییەکان هەستن بە دامەزراندنی ئاسایش و پرۆسەیەکی دیموکراسیی جێگیر و تایبەت بەخۆیان، بۆئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا و وڵاتانی ئەوروپی بگەنە ئەو راستییەی کە لەکۆتاییدا هەموو مەسەلەکان بە دەستی عێراقییەکانە لەبارەی درووستکردن و پاراستنی پرۆسەی دیموکراسی لە وڵاتەکەیان. هەرێمی کوردستان خاوەن ئەزموونێکی دیموکراسیی تایبەتە، هەروەها ئەمڕۆ خاوەن پێگەیەکی بەهێزە و دەرفەتی باشتری لەپێشە لە بونیاتنان و پەرەپێدانی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمەکەی، بەپێچەوانەی هەرێمەکانی دیکەی عێراق، جگە لەوەی کە هەرێمەکە گەشەسەندووە لە بوارەکانی سیاسی و پەرەپێدانی ئابووری و رەوشی ئاسایش و ئارامی. بەڵام هاوکات پێکهاتەکانی هەرێمی کوردەکان و هاوشێوە لەگەڵ پارچەکانی دیکەی عێراق، هەرێمێکی فرەنەتەوەیە، لە کورد و عەرەب و تورکمان، ئەو خەسڵەتەش لە فرەنەتەوەیی پێوەندیی راستەوخۆی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی عێراق هەیە، وەکو تورکیا و سوریا وڵاتە عەرەبەکانی دیکە. هەربۆیە، خوڵقاندنی هاوسەنگییەکی سیاسی بۆ بونیاتنانی پرۆسەی دیموکراسی تەحەددایەکی گەورەیە، لەبەرئەوەی پێکهاتەکانی عێراق بریتین لە چەند نەتەوەیەکی جیاواز و

**بۆیە سەرۆکی کوردستان بە راشکاوانە لە بەغداوە بە هەموو جیهانی راگەیاند، پشتگوێخستن و خۆ دوورخستنەوە لەسەر کێشەی ناوچە دابڕاوەکان بەگشتی و کەرکوک بە تایبەتی، هۆکاری ناسەقامگیری ١٠٠ ساڵی عێراقە**





هاوکات لەنێوانی ئەو گروپانەدا دژایەتی و نەیاری هەیە. هەر بۆیە پێویستە لەسەر حکومەتی کوردی مامەڵە لەگەڵ کەمینەکان بکات، هەروەها ئەگەر بێت و هاوکاری لە وڵاتانی دراوسێ وەربگرێ، ئەوە کارەکان ئاسانتر دەبنەوە. وەدیهێنانی سەقامگیریی پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان پێموایە کە چانسێکی بەهێزە بۆ تەواوی عێراق. لەبەرئەوەی ئەگەر هات و پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان شکستی بەدەست هێنا، ئەوە لە هیچ شوێنێکی دیکەی عێراقدا دەرفەت نارەخسێت بۆ بونیاتبوونی)).

کەواتە وەك پرۆفیسۆر ئالپەر ئاماژەی پێدەکات بونیادی سەقامگیری و دیموکراتی لە لایەن ئەمریکا و رۆژئاواوە لەبەرچاو دەگیرێت و ئەوەشی پێگەی هەرێمی کوردستانی لەم پرۆسەیەدا بەرزکردۆتەوە، ئەو بەرەو پێشەوەچوونەیە کە لەژێر سایەی سەرۆك بارزانی هەرێمەکە بەخۆیەوە بینیووە، سەبارەت بە مەترسی نەبوونی دیموکراسی و ئارامی لە عێراقی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، پرۆفیسۆر لوئەی بەحری ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی تێنسی و تۆژەر لە ئامۆژگای ئەنجومەنی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەراست، بەمجۆرە بۆ ئەم راپۆرتە هاتە ئاخاوتن: (هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەمووی لە عێراق دەرناچن. هەروەکو دانراوە، تا کۆتایی مانگی ئاب ٥٠ هەزار سەربازی ئەمریکی عێراق جێدەهێڵن و دەگەرێنەوە بۆ وڵاتەکەیان و تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٢ تەنیا ٤٠ هەزار سەربازی ئەمریکی لە عێراق دەمێننەوە. لەوبارەیەوە نازانم عێراقییەکان چی دەکەن یان پێویستە چی بکەن. بەڵام سەبارەت بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەمریکا هیچی نەکرد، ئەمریکا لەرووی دیموکراسییەت هیچی بۆ عێراق نەکردووە و یارمەتی عێراقییەکانی نەدا. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەڵێنی بە عێراقییەکان دا عێراق بکات بە وڵاتێکی دیموکراسی و لەرووی دیموکراسییەتەوە هاوکارییان بکات، بەڵام ئێستا پرۆسەی




**ئەگەر هەڵوێستی سەرۆک بارزانی نەبوایە دژی ئەو راسپاردانە بە تایبەتی ئەوانەی کە تایبەت بوون بە چۆنییەتی مانەوەی هەرێمی کوردستان لە عێراق و چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان، ئەوا ئەو پێگەیەی ئێستای هەرێمی کوردستان وەک دەوڵەتێکی دیفاکتۆ بە هاوشێوەی تایوان لەگەڵ چین، ئێستا ئەم پێگەیە بوونی نەدەبوو**

**ئەگەر عێراق فیدراڵی نەبێت و هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فیدراڵی دانپێنراو لەدەستووردا نەبێت، ئەوا هەرێمی کوردستان ناتوانێت بەشێک بێت لەو وڵاتە**

دیموکراسی لە عێراق شکستی بەدەست هێناوە، ئەو شکستەش بۆ ئەمریکا ناگەڕێتەوە، بەڵکو تەنیا عێراقییەکان بوون کە زیانیان پێ گەیشت و لەڕووی دیموکراسیەتەوە شکستیان بەدەست هێنا، لەبەرئەوەی عێراقییەکان تاکو ئەمڕۆش ناتوانن پێکەوە بگونجێن و لەسەر شتێك رێککەون. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەنیا چەند شتێکی سنوورداری پێدەکرێت، بەڵام هەرگیز ناتوانێت فشار بخاتە سەر عێراقییەکان و بە زۆرەملێ ناچاریان بکات بۆ ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی هەر شتێك یان لەبارەی هەر مەسەلەیەك. ئەمڕۆ عێراق خۆی خاوەن فەرمانڕەواییە لەسەر وڵاتەکە و هەموو بڕیارەکان لە دەستی عێراقییەکانە و ئازادن لە بڕیاردان، هاوکات کێشەیەك هەیە لە بەغدا لەبارەی پێکهێنانی حکومەت، بەڵام ئەمە هەڵەی عێراقییەکانە نەك ئەمریکا کە ناتوانن حکومەتی عێراقی پێکبهێنن. ئەمڕۆ عێراقی دوای هەڵبژاردنەکان خاوەن پەرلەمانێکی هەڵبژێردراوە و پارتی سیاسیی براوەی هەیە. هەر بۆیە، پێویستە پێکەوە دانیشن و بگونجێن و بگەنە ئاکامێکی ئاشتییانە بۆ پێکهێنانی حکومەت. ئەمەیە رای من کە هۆکاری شکستی پرۆسەی دیموکراسی لە عێراق بۆ ئەمریکا ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ خودی عێراقییەکان. راستە ئەرکی ئەمریکا بریتییە لە پاراستنی رەوشی ئارامی و سەقامگیری و ئاسایشی عێراق، لەهەمان کاتیشدا ئەوە ئەرکی عێراقییەکانیشە نەك تەنیا ئەمریکا، بەڵام کێشەی عێراق ئەوەیە کە پارتە سیاسییەکان ناکۆکن و رێك ناکەون و لەنێوانیاندا رێکخستن نییە، بەشێوەیەك کە ناتوانن ئارامی و ئاسایشی وڵاتەکەیان بپارێزن. هەمووی هەڵەی ئەوانە). ئەگەر لە قسەکانی پرۆفیسۆر بەحری کە بۆ ئەم راپۆرتە کردوونی وردبینەوە، دەبینن هاوشێوەی هەمان ئەو قسانەیە کە فەرید زەکەریا لە ساڵی ٢٠٠٦ ئاماژەی پێکردوون، ئەمریکا نەیتوانی ئامانجەکانی لە عێراقدا بەدەست بهێنێت و دیموکراتی لەعێراقدا بچەسپێنێت، بۆیە ئەو بەشەی



ئەم هەڵوێستە نیشتمانییەی سەرۆک بارزانی لە کۆنگرە رۆژنامەنووسیە هاوبەشەکەی لەگەڵ داود ئۆغلۆی وەزیری دەرەوەی تورکیا جەختی لەسەر کردەوە و لە ئەنکەراوە بە جیهانی راگەیاندووە، چارەسەری کێشەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، واتە چارەسەرکردنی کێشەکان و دابینکردنی سەقامگیری لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا

هۆکاری شکستی پرۆسەی دیموکراسی لە عێراق بۆ ئەمریکا ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ خودی عێراقییەکان دەگەڕێتەوە





**ئەو بەشەی دیکەی عێراق کە هەرێمی کوردستانە و بە شاهیدی دۆست و دوژمن هەرێمێکی سەقامگیر و ئارامە و هەنگاو بۆ بونیادی دیموکراتی هەڵدەگرێت، ئەوە فەزڵەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لۆژیکی سیاسەتی سەرۆک بارزانی نەک بوونی ئەمریکا لە عێراقدا**

دیکەی عێراق کە هەرێمی کوردستانە و بە شاهیدی دۆست و دوژمن هەرێمێکی سەقامگیر و ئارامە و هەنگاو بۆ بونیادی دیموکراتی هەڵدەگرێت، ئەوە فەزڵەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لۆژیکی سیاسەتی سەرۆك بارزانی نەك بوونی ئەمریکا لە عێراقدا، بەڵام بەردەوامی و پاراستنی ئەم هەرێمە حەتمەن پێویستی بەهاریکاری ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکەی یەکێتی ئەوروپا هەیە، دەربارەی ئەم پرسە و هۆکاری سەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراتی و سەقامگیری لەکوردستان و سەرنەکەوتنی لە عێراقدا، پرۆفیسۆر کینس کاتزمان شرۆڤەکاری پێشووی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا بۆ دەوڵەتانی کەنداو و عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تۆژەر لە سەنتەری دیراساتی ستراتیژی، وەڵامی پرسیاری ئەم راپۆرتەی بەمجۆرە دایەوە: (پێشبینی دەکرا ئەزموونی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان ببێت بە نموونەیەك بۆ پارچەکانی دیکەی عێراقیش، بەڵام ئەو کاریگەرییەی نەبوو کە چاوەڕوان دەکرا و بەو شێوەیە نەبوو کە پێشبینیمان بۆی دەکرد، لەبەر ئەوەی توندوتیژی و نەبوونی سەقامگیری لەبەشەکانی دیکەی عێراق، پێموایە کە برەودان بە بواری وەبەرهێنان لەوانەیە هانی ناوچە عەرەب نشینەکان بدات بۆ پابەندبوون بە رێگەچارەیەکی ئاشتییانە بۆ ئەو کێشە و ناکۆکییانەی کە لەنێوانی خۆیاندا بوونی هەیە، هەروەها هەوڵبدەن بۆ راکێشانی سەرنجی وەبەرهێنەرەکان لەپێناوی وەدیهێنانی پەرەپێدانی ئابووری).

سەبارەت بە رۆڵی هەرێمی کوردستان بۆ گرێدانەوەی عێراق بە تورکیا و یەکێتی ئەورووپاوە و بایەخی هەرێمی کوردستان لەم بوارەدا، پرۆفیسۆر ئاڵپەر بەمجۆرە وەڵامی ئەم پرسیارەشی دایەوە: (تاکو ئەمڕۆش یەکێتی ئەوروپا نەیتوانیوە رۆڵێکی کاریگەرانە لە عێراقدا بگێڕێت و بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستانیشدا، هەروەکو هەمووومان دەزانین کە فەرەنسا و ئەڵمانیا و چەندین وڵاتی دیکە لە یەکێتی ئەوروپا، خۆشبەختانە، بەشدارییان لە داگیرکردنی عێراق نەکرد. لەو بارەیەوە، دەکرێ تورکیا وەکو پردێك بێت لەنێوانی سەرکردە و وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا لەگەڵ عێراقدا و لە رێگەی هەرێمی کوردستانەوە. بەڵام هەروەکو ئاشکرایە کە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا بەنیازن بەخۆیان و لەلایەنی خۆیانەوە هەنگاوەکان ئەنجامبدەن لە دروستکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ عێراق. ئەگەر بێت و تورکیا پێشکەوتنێك ئەنجامبدات، ئەوە لایەنە هەرێمییەکان دەتوانن جۆرە سەقامگیرییەك لە ناوچەکە دابین بکەن. هەر بۆیە و لەو بارەیەوە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا دەیانەوێ تورکیا لە پردێك زیاتر بەکاربێنن بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ عێراق. بەڵام هەروەکو پێشتر ئاماژەتان پێکرد، کە ئەگەر هەرێمی کوردەکان سەقامگیر و ئارام و دیموکراسی نەبێت، ئەوە تورکیا

**تاکو ئەمڕۆش یەکێتی ئەوروپا نەیتوانیوە رۆڵێکی کاریگەرانە لە عێراقدا بگێڕێت و بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستانیشدا**









بونیادی سەقامگیری و دیموکراتی لە لایەن ئەمریکا و رۆژئاواوە لەبەرچاو دەگیرێت و ئەوەشی پێگەی هەرێمی کوردستانی لەم پرۆسەیەدا بەرزکردۆتەوە، ئەو بەرەو پێشەوەچوونەیە کە لەژێر سایەی سەرۆک بارزانی هەرێمەکە بەخۆیەوە بینیویەتی

هیچ هاوبەشێك نادۆزێتەوە کە بتوانێ لەگەڵی گفتوگۆ و دانوستان ئەنجامبدات و پێوەندیی بازرگانی و ئابووریی لەگەڵ درووستبکات یان هەنگاو بنێت بەرەو ئاراستەکانی ئاشتیی هەرێمی لەناوچەکە. بێگومان بوونی سەقامگیری و ئارامی و دیموکراسییەت لە هەرێمی کوردەکان و عێراق گرنگە، لەبەر ئەوەی بەبێ بوونی سەقامگیری و دیموکراسییەت لە هەرێمدا درووستکردنی پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی کارێکی زەحمەت دەبێت.. لەبارەی داهاتووی دەسەڵاتی کوردی و هەرێمی کوردستان گەشبینم، لەبەرئەوەی بارودۆخی ئەم هەرێمە لە چەندین رووەوە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ پارچەکانی دیکەی عێراق هەیە. هەروەها خۆشبەختانە ئەگەر پرۆسەیەکی دیموکراسیی بەهێز و پێگەیشتوو لە هەرێمی کوردستان بونیاتبنرێت، گەشبینم لەوەی کە ئەو ئەزموونە گەشەدەستێنێت و بۆ تەواوی عێراق بڵاوەدەکاتەوە. بەڕای من، پێویستە لەسەر کوردستانی عێراق هەوڵبدات بۆئەوەی لەناو چوارچێوەی عێراق داهاتووی هەرێمەکەی دەستنیشان بکات. وەدیهێنانی ئەم خاڵەش تەنیا لەپێناوی پێشکەوتنی و پەرەپێدانی ئابووریی عێراق نییە، بەڵکو دەبێتە بەمایەی خۆشگوزەرانی و گەشەسەندنی هەرێمی کوردستانیش، لەبەرئەوەی عێراق خاوەن نەریتێکی بەهێزە و ئێستاش دەرفەت و چانسی زۆرە بۆ سەرکەوتن، هەربۆیە پێموایە کە مانەوەی کوردەکان لە چوارچێوەی عێراق پێگەکەیان بەهێزتر دەکات و چانسەکانیان زیاتر دەبێت. بەڵام لەبارەی عێراق، ئاستی گەشبینیم بە قەد ئەو گەشبینییەم نییەکە بۆ هەرێمی کوردستان لێی دەڕوانم، لەبەرئەوەی ئەمڕۆ عێراق دووچاری تەحەددایەکی گەورە بۆتەوە و گرژییەکی بەهێز لە نێو پێکهاتەکانی هەیە لە ناکۆکیی تایفەگەری و ناسەقامگیریی ئابووری و سیاسی و تاد.. هەربۆیە، لەوە دڵنیام کە ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە سەقامگیری و پرۆسە دیموکراسییەکەی کاریگەریی دەبێت لەسەر دروستکردنی داهاتووی عێراق).

هەموو ئەو لایەنانەی ئاماژەمان پێکردن و ئەو پسپۆرانە لێدوانی خۆیان بۆ ئەم راپۆرتە راگەیاند ئاماژە بە راستیەکی گرنگ دەدەن کە ئێستا هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەو بارە سەقامگیری و ئارامیەی کە دابینکردووە و بۆتە وێستگەیەکی گرنگی بازرگانی و وەبەرهێنان و دەروازەیەك بۆ دەوڵەتانی دراوسێی و یەکێتی ئەوروپا، ئەمە وادەکات هەرێمی کوردستان پێگەیەکی گرنگ و سەرەکی لەداهاتوو بگێڕێت و راستە هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقدا دەبێت، بەڵام سەنگی ئەم هەرێمە وەك تایوان دەبێت لە رۆژهەڵاتی ئاسیادا.

هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەو بارە سەقامگیری و ئارامیەی کە دابینی کردووە و بۆتە وێستگەیەکی گرنگی بارزگانی و وەبەرهێنان و دەروازەیەك بۆ دەوڵەتانی دراوسێی و یەکێتی ئەوروپا





# سەرکردایەتی کاتی و شۆڕشی گوڵان بۆ ئەوەی ڕاستییەکان وەک خۆی بنووسرێنەوە



**با گێڕانەوەی ڕووداوەکانی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی گوڵان و هاتنە کایەی سەرکردایەتی کاتی، بۆ ڕێزدار کاک مسعود بارزانی جێ بهێڵین کە ئاگاداری گشت وردەکاری بەسەرهات و ڕووداوەکانە.**


**دکتۆر کەمال کەرکوکی ***

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**


سوپاس بۆ هەر بەڕێزێك کە دەربارەی سەرکردایەتی کاتی و شۆڕشی گوڵان و ڕووداوەکانی دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ بابەت دەنووسێت، بەتایبەتیش ئەو کاتانەی لە دووبارە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی کوردستان، ئومێدی گەلی کوردی زوڵم لێکراو بەهێز و بەهێزتر دەبوو.

بەڵام ئەو بابەتانەی کە تایبەتن بە باسیی سەرکردایەتی کاتیی و کەسایەتییەکان و هەرێمەکان زۆر زۆر گرنگە وەك خۆی بێنە باسکردن، تاوەکو ڕاستییەکان و کارەکانی سەرکەوتن و شکستەکان و ڕۆڵی کەسایەتییەکان لەو سەردەمەدا وەك خۆی تۆمار بکرێت و وون نەبێت، نەوەك بەڕێزێك لەو کاتە سەخت و دژوارەدا باس لەشوێنێك بکات کە لێی نەبووبێت، کە بێگومان لەگێڕانەوەی ڕووداوەکان و ڕاستیەکان دا دووچاری هەندێك هەڵە دەبێت،

یان خۆیشی ئەگەر لەوکاتەدا لەناو ڕووداوەکان بووبێت بەڵام دوور بووبێ و لەهەندێك شوێنی تری ناو کوردستانەوە بێت.

سەبارەت بە سەرکردایەتی کاتی و دەست پێکردنی شۆڕشی گوڵان و بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس لەو سەردەمە و دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام پشتیوان بە خواو بەمیللەت و باوەڕ بوون بەخۆ و بەراستی و حەققانیەتی کارەکە و فیدارکاری بۆ میللەت، سەختییەکان ئاسان دەبوون و سەرکەوتن وەدەست دەهاتن.

بۆئەوەی ڕووداوەکان وەك خۆی ئاماژەی پێ بکرێ، پێویستە بوترێت لەو سەردەمەدا بارودۆخی هەرێمی کوردستان و عیراق و ناوچەکە زۆر سەخت بوو، دوژمنەکان زۆر دڕندە و مەغرور بوون، ڕێکەوتنامەی جەزائیر ئەنجام درابوو (شۆڕشی ئەیلول)یش بە پیلانێکی نێودەوڵەتی دووچاری نسکۆیەکی گەورە هاتبوو، شێوازەکانی گەیاندن بەردەست نەبوو، دوژمنان زۆر بە وردیی چاودێریی جوڵانەوەکانی کورد یان دەکرد، بە تایبەتیش بارزانی نەمر و هەردوو ڕێزداران کاك ئیدریسی جوانەمەرگ و ڕێزدار کاك مسعود بارزانی، کەوتبوونە ژێر چاودێریی تەواوی دوژمنان و دەزگا جاسوسیەکانیان.

بۆیە بڕیاری بەردەوامبوونی شۆڕش و تەسلیم نەبوون و بەگژداچوونی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس، بڕیارێکی زۆر بوێرانە و لەخۆ بوردوو و هەستیاربوو، بڕیارەکەش بەفەرمانی سەرۆکی نەمر بارزانی مستەفا درا و جێبەجێ کردنەکەشی لەلایەن ڕێزداران کاك ئیدریسی هەمیشە زیندوو و ڕێزدار کاك مسعود ئەنجامدرا، زۆر گرنگ و پێویستە بوترێت لەدامەزراندنی سەرکردایەتی کاتیی دا، مەرجەع ئەو سێ بەڕێزە بوون و ئەو بەرێزانەی لە چەند هێل ەوە کاریان دەکرد، چ وەك تاك یاخود گروپ ئاگاداری یەکتر نەبوون ئەویش لەبەر سەختی بارودۆخەکە و دڕندایەتی دوژمنەکان بوو. بەڵام مەرجەع ئاگاداری هەموویان بوو.

ئەو کات کوردستان دوو هەرێم بوو:

١- هەرێمی یەك (بادینان)، دوو ڕێزدار سەرپەرشتییان دەکرد، بەرپرسی یەکەم ڕێزدار کاك جوهر نامیق و یاریدەدەرەکەی ڕێزدار کاك کریم سنجاری بوون، ئەو دوو بەڕێزە سەرەتای دەست بەکاربوونیان لەناو سەرکردایەتی کاتی و پەیوەندییان بەڕێزداران کاك ئیدریس و کاك مسعود تاوەکو دامەزراندنی هەرێمی یەك (بادینان) چۆن

دەستیان بەکار کرد و کارەکانی هەرێمی یەکیان چۆن بەڕێوەبرد، ئەوان خۆیان لە وردەکاری چۆنییەتی هەڵسانەوەی شۆڕش لەسنوری هەرێمی یەك (بادینان) دەزانن و ئاگەدارن و هەرچیەك لەبارەیەوە بنووسن ئەوە مافێکی سروشتی خۆیانە.

٢- هەرێمی دوو (سۆران)، ئێمە بەرپرسی هەرێمی دووی (سۆران) بووین و شەهید عزیز شەدەڵە یاریدەدەرمان بوو، لەناو سەرکردایەتی کاتی و دیدارەکانمان لەگەڵ ڕێزداران کاك مسعود و کاك ئیدریس بارزانی و سەرەتای کارکردنمان و وردەکاریەکانی هەرێمی دوو (سۆران) زۆر بەچاکی لەدامەزراندنی و هەڵساندنەوەی شۆڕش لەوردەکاریەکانی لە سەرەتاوە ئاگەدارین، هەروەك چۆن یەکەمین بارەگامان لەناوچەی جافایەتی، لە گۆمەداڵ و یاخییان و ئەشکەوتی پڵینگان و جار جاریش لەچەمی ڕێزان بوو، بۆ مەفرەزەکانیشمان بنکە لەشینکایەتی و شاربازێر و ئاسۆس و قەندیل دانا و جەولەی ناوچەی گەرمیان و دەشتی دزەییایەتی و سەفین و ناو شوان و دەوروبەری قەڵادزێ و قەرەداغ و قەرە حەسەن و زۆر شوێنی دیکەش بەردەوام بوو.

٣- کۆنفرانسی ئەوروپا، کە لە لقی شەش ئەنجام درا، ئێمە پێش بەستنی کۆنفرانسی پارتی لە لقی شەش و لەیەکەمین ڕۆژی گەڕانەوەمان بۆ ناوچەکە وەك ئەندامی سەرکردایەتی کاتی و بەرپرسیی هەرێمی دوو دەست بەکار بووین و لە کوردستان لەمەیدانی ڕاستەقینەی خەبات دا بووین و چالاکی سیاسیی و ئیعلامی و چەکداریمان هەبوو، هەر لەو ماوەیەشدا بوو کە بەسەختی بریندار بووین.

٤- پێویستە ئاماژە بەوە بدەین ئەو بەڕێزەی بە تەواوەتی ئاگاداری لەچۆنیەتی پێکهێنانی سەرکردایەتی کاتی هەیە و ئێستاش لەژیاندا ماوە، ئەویش تەنها ڕێزدار مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە و بەڕێزییان لەو کاتەدا ئاگاداری تەواوی وردەکاری و چالاکییەکانی کەس و گروپ و هێڵەکان بوون، هەروەها تەنها کەسە کەدەزانێت چۆن سەرکردایەتی کاتی و هەرێمی یەك و هەرێمی دوو، لقی ئەوروپا و ئەمەریکاش دووبارە ڕێکخرانەوەو ئەوانەش کێ بوون کە ئەوکاتە ڕۆڵیان هەبوو لەچۆنیەتی دەست بەکاربوون و بەڕێوەبردنی کارەکان.

هەروەك چۆن ڕێزدار کاك ئیدریس بارزانیش هاوشێوەی کاك مسعود بارزانی ئاگاداری تەواوی ئەو وردەکاریانە بوو تەنانەت وەك بانکێکی زانیاری وابوو، بەڵام بەداخەوە لەژیان دانەماوەو ئێستاش تاکە شاهیدی ڕاستەقینەی زنجیرەی ڕووداوەکان بەڕێز کاك (مسعود بارزانی)یە و زۆریش بەسوود و گرنگە نووسینەوەی ئەو مێژووە بۆ بەڕێزیان بەجێ بێڵین تاوەکو بە ئەمانەت بنووسرێتەوەو ڕۆڵی کەس وون نەبێت و هەندێك لە ڕووداوەکان بەهەڵە نەنووسرێتەوە.

هەر بۆ بیرهێنانەوە کەسانێ هەبوون هەر لەحاجی ئۆمەران لە سەرەتای نسکۆ چوونە لای ڕێزدار کاك مسعود و ئامادەی شەڕی پارتیزانی بوون، پاشان لە نەغەدە و دواتریش لە کەرەج و پاشان ڕوویان لەچیاکانی کوردستان کرد و لەنەبەردییەکان دا بریندار بوون، سەرەڕای گشت سەختییەکان بە پشتیوانی خوای گەورە و پشت ئەستوور بەجەماوەری کوردستان و حەققانیەتی قەزیەکە و پەیڕەوکردنی ڕێنماییەکانی سەرۆکی هێژا سەرکەوتنیان وەدەست هێنا.

بۆ هەر بەڕێزێك گرنگە چۆن دەستی بە کار کردووەو چی کردووە تەنها لەسەر ئەو بابەتە بنووسێت، بەڵام نووسینی گشتیی بۆ ئەو مرۆڤە دڵسۆزە جێ بهێڵێت کە لەگشت وردەکاریی بەسەرهات و کارەکان ئاگادارە.

ئێمە دڵنیاین ئەو بەڕێزانەی لەئەوروپا لە لقی شەش بوون، لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمان بۆ ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی ئەوکاتەیان، بەباشی ئاگاداری شوێنی خۆیان بوون، بەڵام لەوردەکاریەکانی هەرێمی یەك و هەرێمی دوو ئاگەدار نەبوون، هەروەها هەرێمی یەکیش لەهیچ ڕوویەکەوە ئاگاداری هەرێمی دوو نەبوو، وەك چۆن هەرێمی دووش ئاگاداری هەرێمی یەك نەبوو، بەڵام هەموو ئەو لایەنانە کار و چالاکی و پێویستییەکانیان دەگەڕایەوە بۆ هەردوو بەڕێزان کاك ئیدریسی هەمیشە زیندوو کاك مسعود بارزانی، بۆ ئاگاداربوونی چالاکییەکانی یەکتریش ناو بەناو لەڕێگەی خودی ئەو بەڕێزانەوە بە ئێمە دەگەیشت، بۆیە ماوەیەك بەم شێوەیە کارەکان بەڕێوەچوون تاوەکو دەرفەتێك هاتەپێش توانیمان یەکدی ببینین.



د. کەمال کەرکوکی لە سەرەتای هەڵگیرساندنی شۆڕشی گوڵان دا

# پێگە و ڕۆڵی سەرۆک بارزانی
# لەسەر هەر سێ ئاستی ( کوردستانی- هەرێمایەتی- نێودەوڵەتی )



پارێزەر : مستەفا ئیبراهیم
سیاسەتمەداری کوردی سوریا

بەدەر لە وتەو قسەی ناو هۆنراوەکانی شاعیرانی دەربار، لەراستیدا هەر لەو بەزمانەش نازانم، بەڵام بەهۆی پێوەندی و نزیکایەتی زیاتر لە سی و پێنج ساڵم بە سەرۆك بارزانییەوە بەپەسەندی دەزانم سەبارەت بە رۆڵ و پێگەی ئەم سەرکردەیە لەسەر ئاستەکانی کوردستانی و هەرێمیی و نێودەوڵەتی گەواهیدەر بم و باس لەو رۆڵە پێشەنگانەی بەرێزیان بکەم کە بە کەمترین دروشم و قسەوەو هاوکات بەزۆرترین هەڵوێست و کرداری دوور لە خەیاڵ و رۆمانسیەت و نزیك بەو بابەتی بوون و واقیعبینیەی لە ترپە و ویژدانی گەلی کورد و خواستە نەتەوەییە رەواکانیەوە هەڵدەقوولێت ئەم زاتە بە مەحکەمی هەنگاوەکانی دەنێت...

بۆ راقەی دروست و راستی ئەم خەسڵەتانەشی ئەوا رکەبەرانی پێش لایەنگرانی شایەتحاڵی بۆ مەزنێتی پایە و مەقامی دەدەن چ لە ئاوارتەبوونی (إستثناء ) ئازایەتییەکەیدا یان لە وەفای بەرانبەر پەیمان و بەڵێنەکانیی، هەروەها ئەوەش دەسەلمێنن کە لاپەڕەگەشەکانی مێژووی خەباتی سەرۆك بارزانی لە واتای بەزین و دەستخەرۆکردن خاڵیین، بەتایبەت لە مەیدانەکانی جەنگ و کە لە ناو تاریکترین بارودۆخدا و لە سامناکترین وەرچەرخانەکانی بزاڤی رزگاریخوازی کورد رۆڵی جوامێرانەی نیشان داوە، لەو ساتانەشدا کە بۆ گفتوگۆ رووی دەکردە مێزی دانوستان بە هیچ شێوەیەك ئامادە نەبووە سازش لەسەر مافی گەل و خاکی نیشتمانەکەی بکات.

وەك لێی دەگێڕنەوە ئەو سیما و خەسڵەتانە نامۆ و کتوپڕ نییە بۆ ئەو بەڵکو لە خوێنیدا دێت و دەچێ و لە ناخەوە رەگی داکوتاوە و لە ویژدانیدا چەکەرەی کردووە، ئەمەشی لە کولتووری نیشتمانپەروەری و نەتەوەیی بنەماڵەی بارزانییەوە بۆماوەتەوە، بنەماڵەکەی جێ پەنجەی خۆیان هەیە بەسەر لاپەڕەکانی مێژووی گەلی کورد و کاروانی بەردەوامی خەبات و بەرخودانەکانەوە، ئەو خەباتەشیان یەك لە دوای یەك وبۆ سێ وەچەیە بێ ماندبوون وبێ ئەوەی خۆ بخزێننە گۆشەی نائومێدی وتێکۆشانیان لە بەردەوامیدایە، لە هەموو بنەماڵەکانیش زیاتر دوچاری زوڵم لێکردن و تراژیدیای بەزۆر دەرکردن و راگواستن و ئەنفالکردن و قوربانیدان بوونەتەوە لەگەڵ ئەوپەڕی رێز و حورمەتی بەرزمان بۆ هەموو رەمز و سەرکردە شەهیدەکانی هەمووبزاڤی رزگاریخوازی کورد...

لە ناو پزدانی موعانات ولە دوور بوون بۆ سۆزی باوکایەتی سەرۆك بارزانی پێگەییوە و لەسەر بەرزی رەوشت و مەزلومییەتی گەلەکەی چاوی کردۆتەوە، هەر لە تەمەنێکی منداڵییەوە وەك پێشمەرگەیەك لە ناو پۆلەکانی شۆڕشگێڕانی شۆڕشی ئەیلولی پیرۆزدا هاتە ناوەندی تێکۆشانی چەکداری و لە ژێر سایە و بەسەرکردایەتی باوك و رەمزی نەتەوەیی کورد بارزانی نەمر لێوەشاوەیی خۆی لە مەیدانەکانی رووبەڕووبوونەوەدا دەرخستووە.

دواتر پلانی پڕ لە غەدری جەزائیر و نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ جێ برینێکی قووڵی لە ویژدان و رۆحیدا بەجێ هێشت، دەرکەوتە و کاریگەرییە ناخۆشەکەی بەسەر سیما و رووخساریەوە دیاربوو، لەمیانەی ئەو چاوپێکەوتنەدا ئەمەم بۆ دەرکەوت کە لە ساڵی ١٩٧٦ لە دیمەشق لەگەڵیدا سازم کرد، هەر ئەو کاتە لەمیانەی گفتوگۆ و گێڕانەوەی رووداوەکاندا.

سووربوونی ئەم زاتەم بۆ دەرکەوت و زانیم چەندە مکوڕە لەسەر تێپەڕاندنی نسکۆ و دۆزینەوەی هەل و رەخساندنی بارودۆخ و کۆکردنەوەی تواناکان بۆ هەڵگیرسانەوەی گڕی شۆڕشێکی نوێ کە دواتر لە ٢٦ ئایاری هەمان ساڵدا لە چەخماخەی دا و سەرتاپای شاخ و دۆڵەکانی کوردستانی گرتەوە، ئەمەش لە ناو کەشوهەوایەکی هەستەوەر و ئاڵۆزی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی ئاڵۆزدا رووی دا کە ململانێی نێوان هەردوو زلهێزەکەی جیهان بۆ دابەشکردنی دنیا و دەسکەوتەکانی لەسەر حسابی بەهای ئازادی و بنەماکانی مافی مرۆڤی نەتەوە چەوساوەکان لە لووتکەدا بوو، ئەم دەرکەوتانە لەسەر گۆڕەپانی راستەقینەی کوردستانیش رەنگی دایەوە و رژێمی لە ناوچووی بەعس داری بەسەر بەردەوە نەهێشت و وێرانکردنی ئەم خاکەی بەپێی سیاسەتێکی بەرنامە بۆدارێژراو پیادە دەکرد و دەستی لە مزگەوت و سەنتەرەکانی زانستیش نەپاراست و شار و گوندەکانی کوردستانی کردە زەمینەیەك بۆ نمایشکردنی زوڵم و ستەمی دار و دەستەکەی..

ئا لەو بارودۆخە و لەسەر ئەو گۆڕەپانەوە بارزانی رێبەرایەتی پێشمەرگە پاڵەوانەکانی شۆڕشی کردەوە و شۆڕش بۆ ئەو کاتەش وەك زریانێکی تۆڵە کردنەوە بوو لە پیلان گێڕان و ئیمزاکەرانی رێکەوتننامەی پڕ لە خیانەتی جەزائیر، سەر لە نوێ بەردەوامیدان بە شۆڕش رەتکردنەوەیەکی پراکتیکی بوو بۆ نسکۆ و دواتر راپەڕینی ئازاری پیرۆز بەرهەمێکی ئەو شۆڕشە و ئاکامێکی سروشتی دوا دەرکەوتەکانی بوو، هەر لە یەکەم پێکگەیشتنی سەرۆك بارزانی بە جەماوەری راپەڕیو لە شاری کۆیە داوای هەڵبژاردنێکی دیموکراتیانە و ئازادانەی کرد تا بەهۆیەوە گەلی کورد لە رێی نوێنەرانی شەرعی خۆیانەوە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن و پێگە و شێوازی حوکم کردن لە هەرێمدا هەڵبژێرن.

دواتر لە ناو دۆخێکی دیموکراتییانەی شەفافدا هەڵبژاردنەکان بەڕێوەچوون لە نێوان لیست و قەوارە سیاسیەکاندا کێبەرکێی گەرم دروست بوو، لەو بارەیەشەوە چاودێرانی نێودەوڵەتی بەوپەڕی سەرسامیەوە رای خۆیان لە بەرانبەر بەرەو پیرەوەچوونی پڕ حەماسیانە و شارستانییانەی هاووڵاتیانی کورد بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان دەربڕی.

ئەمەش یەکەمین هەڵبژاردن بوو بۆ میللەتێ کە بە جەستەی زامدارەوە لە ناو دڕندەترین کاری بەربەری و کارەساتەکانەوە هاتبوونە دەرەوەو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئازادانە دەنگیان بە نوێنەرانیان دا، بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا پەرلەمانێکی کوردستانی لە دایك بوو، بە کۆی دەنگ بڕیاریاندا رێبازی فیدراڵی وەك میتۆد و رێگە چارەیەك دابنێن بۆ پێوەندی کوردستان بە حکومەتی ناوەندییەوە، ئەمەش بە هاویەکسانی وهاو زەمەن لەگەڵ بڕیاردان

لەسەر دامەزراندنی رژێمێکی دیموکراتی و پلۆرالیزمی سیاسی و ئازادی بیرو ڕا رۆژنامەگەری و پێکهێنانی دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و یەکسانبوونی خەڵکی لە ئەرك و مافەکان بۆ هەموو ئەتنی و هۆز و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی وەك یەك و بە یەك شێواز و بەرنامەی پیادەکردنی حکومەتیەوە وێڕای بەرەنگاربوونەوەی سامناك و رەتکردنەوەی رەها لەلایەن هێزە شۆڤێنییەکان و رێگرە گەورانەی وڵاتانی دەوروبەر.

کە زۆربەیان فشاریان بۆ سەرۆك بارزانی دەهێنا ئاڵای کوردی بەسەر سەربانی پەرلەمانەوە نەشەکێتەوە بەڵام ئەم هەڵکردنی ئاڵاکەی کردە رەمزێکی سیاسی و سەروەرییەك بۆ ناسنامەی باشووری کوردستان، لەمیانەی ئەو هەڵوێستە نەتەوەییە دلێرانە و زۆری ترەوە سەرۆك بارزانی بوو بە سیمبولێکی درەوشاوەی کوردستان، لەبەرچاوانی هەموو ئەندامانی میللەتی کورد، ئەو پێشوازییە جەماوەرییە گەرمەی لە ساڵی ١٩٩٦ لە خۆرئاوای کوردستان لێی کرا کە خۆی بەو وتەزایە وەسفی کرد و وتی:

(بەرزترین مەدالیایە بەسەر سنگمەوە)

ئەمە بۆ خۆی هاوشێوەی راپرسییەك بوو بۆ سەرکردایەتی و رێبەرایەتی بەرێزیان، لەسەر ئاستی هەرێمایەتیش بوو بە بنەمایەك و بەردێکی چەسپاوی گۆشە چەسپاوەکانی یەکبوونی نیشتمانیی، ئەویش بەهۆی داکوتانی کۆڵەگەکانی ئاشتی ناوخۆیی و دابین کردنی پێداویستییەکانی ئارامی و ئاسایشی ناوچەکە و دۆزینەوەی ئامرازەکانی پێوەندی و بەردەوامبوون لەگەڵ جیهانی دەرەوە و هەناردەکردنی نەوت و غاز بەرەو بازاڕە نێودەوڵەتییەکان و هێنانی سەرمایەگوزاری بیانی و وەبەرهێنەری دەرەکی کە ئەمانە هەموویان بوونە هۆی پەرەسەندن و گەشانەوەی کوردستان لەسەر ئاستی سیاسی و رۆشنبیری و ئابووری کە مژدەبەخش بوون بۆ هاوڕێ و دۆستانی کورد و هاوکات دوژمنان و کینە و بوغز لە دڵانی پەست و تورە کرد، گەلی کوردستان چاکەی ئەم کارانەی سەرۆکیان بەوپەڕی خۆشەویستی و رێزەوە دایەوە و لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا دەنگیان بۆدا.

لەسەر ئاستی عێراق و بارودۆخە ئاڵۆزکاوەکان و ململانێ تیرەگەرییە گەرمەکاندا کە عێراق بە چەك و داگیرکاریی هێزە تیرۆریزمەکان و دەست خستنە ناو کاروباری ناوخۆی لەلایەن وڵاتانی دەوروبەر گیرۆدە خواردووە، سەرۆك بارزانی رۆڵێکی بەرز و کارا دەگێرێت بۆ دیاریکردنی رێچکە و چارەنووسی عێراقێکی فیدراڵی لە دوای رووخانی رژێمەوە و هەروەها لە ماوەی گواستنەوە و لە ئان و ساتی دارشتنەوەی دەستوور و بانگهێشتی راستگۆیانەی بۆ نەهێشتنی توندوتیژی و داخستنی لاپەڕەکانی رابردووی پڕ ئاڵۆزی و هەنگاونان بەرەو ئاشتەوایی راستەقینە و راوەستانی بەیەك ئاستو وەك یەکریز لە نزیك قەوارە سیاسییەکان و رەتکردنەوەی بیرۆکەی پەراوێزخستن و وەلانانی هەر یەکێکیان، هەروەها چەسپاندنی کۆڵەگە و بنەمای دەوڵەتی وهاووڵاتی بوون و هاوبەشیکردن لە دارشتنەوەی بڕیارەکان کە دەستوور حوکمدەری سەرەتاو کۆتایی بێ بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی کە رژێمی رووخاو جێی هێشتوون، واتە سەرۆك بارزانی کارەکتەرەی سەرەکی و ژمارەی قورسی ناو هاوکێشە سیاسییەکانی عێراقە ئەمەش بە وتەی زۆربەی چاودێران و شیکەرەوانی سیاسی.

بۆ چەسپاندنی هەڵوێستەکان و روونبینی روانین و وریایی سیاسەتەکەی کەبە راستگۆیی لە ناوخۆیی و دەرەوە دەناسرێتەوە، سەرۆك بارزانی بووەتە جێی بایەخ و رێزلێگیرانی لەلایەن وڵاتانی دەوروبەر و جیهان و دروستکەرانی بڕیارەوە، لەو بڕوایەدام سەردانەکەی سەرۆك بارزانی وەك سەرۆکی هەرێم بۆ ئەمەریکا و گەیشتنی بە سەرۆك بۆش لە کۆشکی سپیداو بە جلوبەرگی نەتەوەیی و وەڵامدانەوەی پرسەکان بە کوردی لە هەموو ئەو پێشوازییانەی لە سەنتەر و بنکەکانی دارشتنەوەی بڕیاری ستراتیژی لێی دەکرا و تەنانەت قسەکردنی بۆ هۆیەکانی راگەیاندنی بیانی بە زمانی نەتەوەیی کوردی یەکێکە لە گرنگترین بەرهەمەکانی لە بواری دبلۆماسی و سیاسەتی دەرەوە چونکە مەسەلەی کوردی بۆ ئاستێکی پێشکەوتوتر و بەرزتر گواستەوە، بەرەو ئاسۆیەکی گەشبینانە بۆ داهاتوویەکی پرشنگدار و باشتر هەروەك لەو پێشوازییە نموونەییەی بە گەرمیەوە لەلایەن پاپای فاتیکانەوە لێی کراو و شایەتی بۆ رێبەرایەتی بەرێزیان دا لەسەر پاراستنی برایانی مەسیحی لە بوغز و هەڕەشە و شەڕی تیرۆریستان و هاوکات رێز و حورمەتگرتنی پیرۆزییەکان و بیروباوەڕیان و گرنگیدان بە کڵێسا و ئەبرەشییەکانیان ئەمەش گرنگی کەمتر نییە لە گرنگی سەردانەکەی بۆ ئەمەریکا بە هەموو پێوەرێکی مرۆڤایەتی و سیاسی.

ئەو پێشوازییە گەرمەشی کە لەلایەن جەمسەرەکانی رژێمی تورکیاوە ئاراستەی کرا پێشینەی نەبووە لە مێژوودا بە بەراورد بەو میتۆد سیاسەتانەی بە درێژایی چەندین سەدە حکومەتەکانی تورکیا لە بەرانبەر گەلی کورد بەکاریان هێناوە ئاماژەدانێکی پڕ دەلالەتە بە رۆڵ و پێگەی سەرۆك بارزانی لەسەر ئاستی گۆڕەپانێکی خوێناوی کوردستانی باکوور کە تێیدا بەدەیان هەزار کەس لە نێوان گەلی کورد و تورك گیانیان سپاردووە و قەناعەتی تورکەکان بەوەی سەرۆك بارزانی دەتوانێ کارێکی کاریگەر ببینێ بۆ کوژانەوەی ئەو گڕکان و وەستاندنی ئەو خوێنڕژانە و دەتوانێ هاوکاربێ لە چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردیدا بە چارەسەرێکی دیموکراتانەی ئاشتیانە و بە زمانێکی دیالۆگئامێزی شارستانییەوە و بەرێزگرتنی ماف و ئازادییەکانی هەمووان و دوور لە توندوتیژی و کاروکاردانەوەی زبری هەردوولایەکیان چونکە ئەزموونی گەلان سەلماندوویانە رێگەی ئاشتی تەنیا رێگەیەکی سەرکەوتووە و کەمترین نرخیشی تێدەچێ بۆ چارەسەری هەموو گرفت و مەسەلە ئاڵۆزەکان.

ئێمە بەهیوا و گەشبینیەوە لە سەرۆك بارزانی دەڕوانین کە مامەڵەیەکی دۆستانەی بزاڤی ئازادیخوازی کوردی لە باکووری کوردستاندا هەبێ بۆ هەردوو باڵی مەدەنی و چەکداری ئەمەش روانینێکی هاوتەبا لەگەڵ پرۆژە و تێڕوانین و هەڵوێستی پارتی داد و گەشەپێدانی دەسترۆیشتوو

- سەرەرای بۆلێك بوون لە بۆچوونەکاندا- بەڵام بە پێوەری

- سیاسەتەکانی پێشووی تورك و بەپێی سیاسەتی نکۆڵی کردن لە ناسنامەی کوردی و تەتریك و راگواستن و دەربەدەرکردن و جینۆساید ئەم هەنگاوەی ئەو پارتە هەنگاوێکی بوێرانەی پتەوە بەرەو ئاراستەیەکی راست و دروست دەچێت..

- هەروەها پێگەی بارزانی لە کیشوەری عەرەبیشدا جێی بایەخپێدان و سەرنجە ئەمەش کەمتر نییە لەو پێگەیەی کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ئەورووپی هەیەتی وکو لەو سەردانانەیدا دیارە کە بۆ پایتەختەکانی ئەڵمانیاو فەرەنسا و بەریتانیا و نەمسا دەیانکات و چاوی بەسەرکردەکانی ئەو وڵاتانە دەکەوێ هەروەها ئەو بانگهێشتە فەرمیانەی لەلایەن پاشاکانی ئەردەن و سعوودیە و سەرۆك کۆماری میسر و و میری قەتەر و کوێت دەکرێت نموونەی زیندوون لەم بوارەدا و لە ئەنجامی کۆتاییدا بەرجەستەکردن و بایەخدانی پێگەی میللەتی کورد و خاکی کوردستان لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەند پتەو دەکات ناوچەکە پڕ لە تەڵزگەی سیاسی سامناکە و پێویست بە گۆڕینەوەی وەفا و بیروڕا دەکات لەلایەن سەرۆکەوە بۆ مەسەلە رەواکەی گەلەکەی.

- پێویستە بە هەمووان رەگ و ریشەی پتەو داکوتاوی ئەم سەرکردەیە توندوتۆڵ تر بکەین لە کاتێکدا هێز وبەهرەو ئازایەتی لە خودای مەزن و گەلێکی فیداکارەوە وەردەگرێت کە پێکڕا بڕوایان بە بەرگری کردنە لەو مەسەلە ڕەوایەی کوردان هەیانە...

**بارزانی رێبەرایەتی پێشمەرگە پاڵەوانەکانی شۆڕشی کردەوە و شۆڕش بۆ ئەو کاتەش وەک زریانێکی تۆڵە کردنەوە بوو لە پیلان گێڕان و ئیمزاکەرانی رێکەوتننامەی پڕ لە خیانەتی جەزائیر**

**سەرۆک بارزانی بە جەماوەری راپەڕیو لە شاری کۆیە داوای هەڵبژاردنێکی دیموکراتیانە و ئازادانەی کرد تا بەهۆیەوە گەلی کورد لە رێی نوێنەرانی شەرعی خۆیانەوە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن**

**لاپەڕەگەشەکانی مێژووی خەباتی سەرۆک بارزانی لە واتای بەزین و دەسخەڕۆکردن خاڵیین**

گوڵان
ژمارە (٧٨٥)
٢٠١٠/٦/١٤

# لە ساڵیادی دامەزراندنیدا زاگرۆس جیاوازی و

لە ٢٠٠٥/٦/١٣ کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس لـــە هەلومەرجێکی سیاســـی، ئابووری، کۆمەڵایەتی تایبەتیدا لەدایکبوو، هەر لە سەرەتاوە هەوڵیداوە جیاواز بێ بەپێی ئەوە کە پێشـــتر راگەیاندنەکان تایبەتمەندی ناوچەیی وحزبی زەقیـــان پێوە دیار بوو، ســـەرەتا یەکگرتنەوەی ئیدارەی هەولێر و ســـلێمانی و دامەزراندنـــی کابینەی یەکگرتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکێك بوو لەسەر شـــانی زاگرۆس کە بتوانێت بەپێی پێویستیەکانی ئەو قۆناغە دەست بە کارەکانی بکات.

هەر لە سەرەتاشـــەوە هەوڵیـــدا جیاوازی بۆچـــوون لەنێو بەرنامەکانی و لەســـەر شاشەکەیدا رەنگ بداتەوە کە دەروازەیەك بوو بۆ جیاوازبوونـــی زاگرۆس لەرووی پەیام و شـــێوەی کارکردن و درك کردن بە بەرپرسیاریەتی ســـەر شانی لەو قۆناغە گرنگەدا، ئـــەم شـــایەتیەش زۆر کەس بۆ زاگرۆســـیان داوە کەپێشـــتر نوخبەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دابەش ببوونە سەر کەناڵەکان لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك، بەڵام زاگرۆس ئەو لێك نزیکبوونەوەیەی دروســـتکرد، شاشـــەیەك بوو کە توانی هەمووئەم بیروبۆچوونە جیاوازانە بهێنێتە روو و گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات ئەمەش وەك پەیامێـــك بۆ رەواندنـــەی ئەو بارە دەروونییـــەی کە تەنانـــەت کاریگەری لەنێو خەڵکی ســـادەی کوردســـتانیش دروســـتکردبوو، لەلایەنـــی دیکەشـــەوە زاگـــرۆس هەوڵیدا هەندێك شـــتی نوێ بهێنێتە نێو راگەیاندنـــی کوردییەوە کە پێشتر بە هۆی لاوازی تەکنیك و کەمی شارەزایی هەبوون.

سەرەرای پەیامە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان کە زاگرۆس بە ئەرکی سەر شانی خۆی زانیوە، لە هەموو قۆناغەکاندا شـــان بە شانی داوا و داخوازییە رەواکانی خەڵکی کوردستان و هەرێمی کوردستان هەنگاو بنێ، ئەگەر رۆژێك هەســـت کرا بێت کە زاگرۆس بە یەك شێوە و رەنگ بەرنامە و کارەکانی ئاراستە دەکات هەمیشە ئەو کاتانە بووە کە مەســـەلە نیشـــتیمانی و نەتەوەییەکانی پێویستی بە یەك دەنگی و یەك رەنگی هەبووە، ئەگینا هەمیشـــە زاگـــرۆس مینبەری جیـــاوازی بیرورِا بووە.

## هێنانی شتی نوێ بۆ نێو راگەیاندنی کوردی

زاگرۆس لە زۆر رووەوە هەوڵیدا شـــتی نـــوێ بهێنێتە نێـــو راگەیاندنی کوردی لەم رووەوە هەوڵیدا هەمە رەنگ بێ بەو مانایـــەی هەموو ئەو پـــرس و رایانەی کە لە دەرەوەی هەرێـــم روودەدەن بهێنێتە سەر شاشەکەی و تەنیا بایەخ بە لایەنێك نەدات کەپێشـــتر لە راگەیاندنی کوردیدا باو بوو، بۆیە هەنگاوی پێشەنگی برِی لەوانە: هێنانی کۆمەڵە بەرنامەیەك کە بە ستانداردی جیهانی پێشکەش دەکرێن و بە کەمی تەکنیك لە کوردستان توانی پێکیان



# داهێنان

بهێنێ و بیخاتە سەر شاشە و خەڵکێکی زۆر لە بەرنامـــە هونەری و تەرفیهی و رۆشنبیرییەکانی سوودمەند بن، شان بە شانی ئەوە کۆمەڵێك بەرنامەی سیاسی گرنگی پێشکەش کردووە و لە رابردوودا بەدواداچوونی گرنگی هەبووە، هەروەها هەمیشە زاگرۆس دەستی خستۆتە سەر کێشــە و داخوازییەکانـــی خەڵك تاوەکو دەزگا و دامــەزراوە تایبەتمەندەکانـــی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان بەدوایدا بچن یاخود هاوشـــانی پێشـــکەوتنەکان رەچاوی راوبۆچوونی خەڵکیش بکرێ و کێشە و گرفتەکانیان زیاتر بگەیەنرێ.

**کۆك بوون لەگەڵ بەرژەوەندی نیشتیمانی و نەتەوەیی**

هەمیشـــە زاگرۆس مینبەری پاراستنی بەرژەوەندییە نیشـــتیمانی و نەتەوەییەکان بـــووە و تەنیا لەو کاتانـــەی بەرژەوەندی نەتەوەیـــی و نیشـــتیمانییەکانی ئێمـــە خواستبێتی زاگرۆس یەك رەنگ و ئاراستە بووە، واتە هاوشان لەگەڵ داخوازییەکانی خەڵك و ســـەرکردایەتی کـــورد زاگرۆس کاری کردووە، لەزۆر بواردارۆشـــنبیری، سیاســـی، پەروەردەیی، هەواڵ زاگرۆس شتی نوێی هێنایە سەر شاشە کە پێشتر بەشـــێوەیەکی تەقلیـــدی ئـــەو بابەتانە دەخرانە روو، بواری گفتوگۆی دروست و بنیاتنـــەر و ئازادانە لە زاگرۆســـەوە پەرەی سەند و وایکرد کە لە هەر پرسێك پێوەندی بە کۆمەڵگا و پێشـــڤەچوون و کەموکوڕیەکانی کۆمەڵگاوە هەیە لەسەر شاشەی زاگرۆســـدا رەنگی داوەتەوە و خەڵکی تایبەتمەند وپســـپۆر لە هەموو ئاســـتەکاندا گفتوگۆی لەسەر بکەن و بە ئازادانە رای خۆیان دەرببڕن، لەبواری






قووڵتر کردنەوەی کلتووری دیموکراسی و ڕێز گرتن لە بەرامبەریش تا کراوە کاری لەسەر کردووە و لەم ڕووەوە جێی دەستی دیارە بەپێی تێپەڕبوونی کات لەگەڵیدا ڕۆیشتووە و وایکردوو ڕای جیاواز ڕێزی لێ بگیرێت و خەڵکی کوردستان بە دونیا بینییەکی نوێوە سەیری ڕووداوەکانی کوردستان بکەن.

تا ڕادەیەکی باشیش خۆی لە چوارچێوەیەکی ڕووندا بە لیبرالی کاری کردووە نەك بەشێوەیەکی دیاریکراوەوە ئاراستە نەکرێ بەجۆرێك کە کاری زاگرۆس نەخرێتە ژێر بەرپرسیارییەوە یاخود نەتوانێت ئەرکی پیشەیی خۆی وەك پێویست بە ئەنجام بگەیەنێت.

## هێنانی بەرنامەی جیهانی

بەم دواییەش زاگرۆس کۆمەڵێك بەرنامە و بابەتی نوێی جیهانی کە بە خەرجییەکی زۆر دەست دەکەون هێنراوەتە سەر شاشە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان لێیان سوودمەند بێت چ ئەو دیکۆمۆنتارییە مێژوویانەی کە پێوەندی بە ڕابردووی مرۆڤایەتییەوە و پێشکەوتنەکانی مرۆڤایەتی لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا هەیە تا دەگاتە ئەو بابەت و پرسانەی لە تایبەتمەندێتی جۆراوجۆردان کە چۆن پەرەیان سەندووە و چۆن دروستبووە لەنێو فیلمە دیکیمۆنتاری و فیلمە ڕاستیەکانی زاگرۆسدا خراونەتە ڕوو کە ئەمەش شتێکی نوێ بوو بۆ ڕاگەیاندنی کوردی کە بتوانێت بەو شێوەیە بەرفراوانە دەستیان بخات.

لە بواری یەکسانی و مافی ئافرەت دەیان وسەدان پرۆگرامی جۆراوجۆر لە زاگرۆسدا کراو و پرۆگرامەکانی هەمیشە پاڵپشتێك بوون بۆ کاری ڕێگە گرتن لە توندوتیژی یان دەستنیشانکردنی ئەو خاڵ و کێشەو ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی توندوتیژی لە ڕێگای خەڵکی پسپۆر و بەدواداچوون و خستنەڕووی کێشەکان بۆیە لەو ڕوانگەشەوە زاگرۆس شانازی بەوەوە دەکات کە کەناڵێك بووە زۆر جار لەوانەی لە بۆنەکان وڕۆژانی ئاساییدا پەیام و سپۆتی دژی توندوتیژی بڵاوکردۆتەوە.

بەرنامەکانی من جیاوازم و مێڤان شو لەو بەرنامانەن کە زاگرۆس شانازی پێوە دەکات سەرەتا لە ڕێگای شاشەکەی ئەوەوە بینەری کوردی پێی ئاشنا بوو.














## بواری فیلمی سینەمایی

خەڵکی ئێمە وا راهاتبوو لە رێگانی کەناڵە لۆکاڵەکانەوە بەژێر نووسی عەرەبی بینەری کورد فیلمەکانی دەبینی، زاگرۆس هەوڵیداوە لەم رووەوەش پشکی باشی بەر بکەوێت کە فیلمی سینەمایی هۆلیۆد و بۆلیۆد و زۆرانی تر بهێنێت چ بە دۆلاژ یان بە ژێر نووسی کوردی بە کوالیتیەکی بەرزەوە پێشکەشی بکات و بینەری کوردی لەم فیلمانە بێبەش نەبێت، ئەمەش بووە سەرەتایەك وەك ئێستا دەبینین زۆر لە کەناڵی دیکەش دەست بەم کارە کراوە و ئەم بوارەش بەرەو بەرفراوانی دەچێت. زاگرۆس بەپێی توانا هەوڵیداوە کەناڵێکی گشتگیر بێت و کێشە و گرفت لە هەر شوێنێك هەبووبێت وەکو خۆی نیشانی داوە لەسەر شاشە، بەتایبەتی لەرووی هەواڵەوە کە تا زۆرترین رادە بێلایەن بووە و بیری لەوە نەکردۆتەوە کێ لەم هەواڵە سوودمەند یان زەرەرمەند دەبێت بەڵکو زیاتر مەبەستی رەچاو کردنی راستگۆیی بووە بۆ خزمەتی گشتی کۆمەڵگا.

بەگوێرەی راپرسیەکان لە پلەی یەکەمە

بەگوێرەی زۆر لەو راپرسیانەی دەربارەی راگەیاندنی کوردی کراوە لە ناوەند و رێکخراو و سەنتەرەکانی تایبەتیەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس هەمیشە لە پێشەوە بووە لە رووی سەیر کردنی لەلایەن جەماوەرەوە ئەمەش دەستکەوتێکی دیکەی زاگرۆسە کە شانازی پێوە دەکرێ، بەڵام ئەمە دەبێ هاندەرێکی بەهێز بۆ پێشکەش کردنی شتی نوێتر و باشتر، چونکە ئەرکی سەر شانی کارمەندانی قورستر کردووە بۆ ئەوەی بتوانن هەمیشە لە لوتکەدا بمێننەوە.

بێگومان کەناڵێك ئەمە پێناسەکەی بێت چاوەڕێی کاری زیاتر و باشتری لێدەکرد بۆ ئەوەی لە رێگای بەرنامەکانی خزمەتێکی زۆرتر بە کۆمەڵگای کوردی بگەیەنێت،



# دەرەنجام و ئاسەوارەکان
# هێرشی سوپای ئیسرائیل بۆ سەر کەشتییەکانی ئاشتی



**پ.د. محەمەد گەزنەیی**

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان**

سوپاس وستاشی بێ پایان بۆ خودای بێ وێنە و هاوتا، درورد و سەلام لەسەر پێغەمبەر(محمد المصطفی) و لەسەر نەوەوخێزانی وئەصحاب و یارانی.

**پاشان:** لە بەرەبەیانی دووشەممە(٣١\٥\٢٠١٠) سوپای ئیسرائیل هێرشی بۆسەر ئەوکەشتیانەی ئاشتی کرد وراپێچکردن بۆبەندەری ئوشدودی ئیسرائیلی، بەوهۆیە ژمارەیەکی زۆر لەخێرخوازانی سەرنشینانی ئەوکەشتیانە شەهیدبوون، بەتایبەتی لەکەشتی مەرمەرە، زۆربەشیان تورک بوون، ئەوکارەساتە کاردانەوەیەکی جەماوەری زۆری لێکەوتەوە، هەروەها بەشێوەیەکی کەمترلەبارەی رەسمیش وەکو وتارە توندەکەی بەرێزئەردۆغان وسەرۆکی فەنزویلا وچەند وڵاتی ئاوروپایی و ئێران و میسریش بەندەری رەفەحی بۆکەلوپەلی مرۆیی کردەوە..

لێرە ئەوەی سرنجراکێشە ئەوەیە: کە ئەوکەشتیانە لەتورکیا دەرچوون وبە پاڵپشتی حکومەت وجەماوەی تورکی وچاوەڕوانەکرا حکومەتی ئیسرائیل حسابێکی تایبەتیان بۆبکات، چونکە تورکیا یەکەم دەوڵەتی ئیسلامی بوو ئیعتیرافی بەدەوڵەتی ئیسرائیل کرد، هەردووکیان لەحیلفی ناتۆئەندامن وهەبوونی چەندەها پێوەندی تایبەتی عەسکەری وئەمنی وئیستیخباراتی وئابووری لەنێوانیان، جگە لەهەبوونی چەندەهاپێوەندی هاوبەش لەگەڵ ئەمەریکا، کەچی حکومەتی ئیسرائیل هیچ حسابی بۆ ئەوپێوەندیانە نەکرد، بەڵکو کاردانەوەی لەگەڵ تورکەکان دوژمنکارانەتربوو، بەبەڵگەی ئەوەی کەشێخ رائید سەڵاح ومەتران کاپوچی نەکوشت، کەچی تورکەکانی کوشت، ئەوەش وایکرد حکومەتی تورکیا بکەوێتەژێر تاقیکردنەوەیەکی گران، بۆیە سەرۆک وەزیران(ئەردۆغان) لە کاردانەوەیەکی مەردانە بڕیاریدا خۆی بچێت بۆ (غەزە) وچەند کەشتی جەنگی لەگەڵ خۆی ببات وبەزەبری هێز گەمارۆ لەسەر(غەزە) لاببات.

بەڕاستی ئەوکردەوەو کاردانەوەی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی تورکیا بووە جێی دەستخۆشی لێکردن وپاڵپشتی کردن لەلایەن جیهانی ئیسلامی بەتایبەتی جەماوەر وڕێکخراوە ئیسلامیەکان،

لێرە حەزدەکەم بەگێڕەی توانا لەسەر ئەو پرسیار وئەگەرانەی خوارەوە راوسرنجی خۆم دەربڕم:

یەك- چوونی بەرێز(ئەردۆغان) بۆشکاندنی گەمارۆی ئابووری سەر(غەزە) هۆیەکەی ئاینیە یاسیاسیە؟

دوو- پێوستە کورد تاچەند پێشوازی و پشتیوانی لێبکات؟

سێی- زیانەکانی پاشگەزبوونەوەی بەرێزئەردۆغان لەوهەنگاوە پیرۆزە؟

بەنیسبەتی پرسیاری یەکەم: هۆیەکەی ئایینی وسیاسیە بەیەکەوە، لەبارەی هۆیی ئایینی پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر) دەفەرمووێ:{تقاتلون الیهود حتی یختبئ أحدهم وراء الحجر فیقول یاعبدالله هذا یهودی ورائی فاقتله} لە ریوایەتێکی تر {لاتقوم الساعة حتی تقاتلوا الیهود حتی یقول الحجر وراءه الیهودی یامسلم هذا یهودی ورائی فاقتله} لە ریوایەتێکی تر {تقاتلکم الیهود فتسلطون علیهم حتی یقول الحجر یامسلم هذا یهودی ورائی فاقتله} لە ریوایەتێکی تر {لاحجر ولاشجر ولاحائط ولادابة الا (الغرقدة) الاقال یاعبد الله المسلم، هذا یهودی فتعال اقتله} هەروا ئەو حەدیسە بە زۆر ریوایەتی ترهاتووە، لەوانەیە گەیشتبێتە پلەی مەشهوور، کەواتە: شەڕێك دەقەومێ لەنێوان موسڵمانان وجوولەکە، موسلمان سەردەکەون، جوو دەشکێ و پاش ئەوەی زۆریان لێ دەکوژرێ، ئەوانەی دەمێنن خۆیان دەشارنەوە لەپەنای دار و دیوار و بەرد، زۆربەی رێکخراوە سیاسیە ئیسلامیەکان کاری لەسەردەکەن بۆهاندان وخۆئامادەکردنی جەماوەری موسڵمان بۆ ئەوڕۆژەی ئەوشەڕە دەقەومێ. هەمووشمان دەزانین حزبی دادوگەشەپێدان ژێرخانێکی ئایینی هەیە، بۆیە مافی خۆیەتی سوود لەوحەدیسانە وەرگرێ لەکاتی پێویست، بەڵام ناکرێ بیکات بەبەرنامە لەوکێشەیەی ئێستا لەگەڵ ئیسرائیل دروستبووە، لەبەردووهۆ: یەکەم- چونکە حەدیسەکان هەڵواسراون بەپێش هاتنی قیامەت (لاتقوم الساعة حتی ...) کاتی هاتنی قیامەتیش نادیارە هەرخوا خۆی دەیزانێ، کەواتە کاتی ئەوشەڕەش نادیارە. دووەم- کردنی بەبەرنامە وبانگەوازبۆکردنی بەئاشکرا دەچێتەخانەی جاردانی جیهادی ئایینی، ئەوەش دەبێتە هەلێك بۆ راگەیاندنەکانی ئیسرائیل و دیقوزنەوە بۆترساندنی گەلانی ئاوروپایی لەجیهانی ئیسلامی وهاندانیان لە دژی موسلمانان، کەواتە هۆکارە ئایینیەکە هەربۆ ناوخۆیە، جارجارە هەندێ لەسەرکردە رێکخراوە ئیسلامیەکان دەڵێن: ئیسرائیل بەرەوهەرگی خۆی دەچێ یابەرەونەمان دەڕوا، مەبەستیان ئەو حەدیسانەیە بەکینایەت.

لەبارەی سیاسی دەکرێ بەدووبەش:

یەکەم- هۆی سیاسی ناوخۆیی: سەرکەوتنی بەرێز ئەردوغان لەوکێشەیە دەبێتە هۆی کۆکردنەوەی هێزی جەماوەری تورکیا لەدەوری خۆی، بۆلابردنی ختەرەکانی سوپا ودادگا وئەحزابە نەیارەکانی خۆی وحیزبەکەی، جێبەجێکردنی بەرنامەکانی خۆی، ئەوەش زۆرگرنگە بۆهەموو حیزبێکی سیاسی.

دووەم- لەبارەی هۆی سیاسی دەرەکی: ئەوسەرکەوتنە تورکیا وحزبی دادوگەشەپێدان وبەرێز ئەردووغان دەکاتە پاڵەوانی جیهانی ئیسلامی، چونکە توانییان ئیشی بکەن خەڵکی تروحکومەتەکانی تر نەیان توانی بیکەن، هەروەها بەنیسبەت ئاوروپا وئەمەریکا کە تورکیا گەورەترین هێزە، پێویستە لەرێگا ودەروازەی ئەوانەوە پێوەندی بەجیهانی ئیسلامی بکەن، ئەوەش سوودێکی زۆرگەورەیان پێدەبەخشێ.

بەنیسبەتی پرسیاری دووەم- سەرکردەکانی کورد پێویستە پێشوازی لەوهەنگاوەی بەرێزئەردۆغان بکەن، پشتیوانی لێبکەن، لەبەردووهۆ: یەکەم- بۆئەوەی حکومەتی تورکیا لەژێر کاریگەری ئیسرائیل دەربچێ، چونکە پچرانی پێوەندیەکانی لەگەڵ ئیسرائیل وەدەرچوونی لەژێر کاریگەرییەکانی، دەبێتە هۆی بەهێزبوونی حکومەتی ئێستای تورکیا، بەهێزبوونیشی، دەبێتە هۆی هەموارکردنی دەستوور، ئەوەش لەقازانجی مافی میللەتی کورده لەکوردستانی تورکیا، چونکە ئیسرائیل هیچی بۆکوردنەکرد لەکاتی تەنگانە، دووەم- تەوژمەکی گشتی وبەهێزی جیهانی ئیسلامی پاڵپشتی دەکات، دواکەوتنی میلەتی کورد لەو تەوژمەبەهێزە، وەکو مەلەکردنە دژی رێڕەوی ئاو، ئەوەش کارێکی زیانبەخشە بە بەرژەوەندی باڵای میللەت، لێرە حەزدەکەم ئاماژە بۆئەوەبکەم کەگەشتەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەرێز کاك مەسعود بۆئەنقەرە لەوکاتە، هەنگاوێکی زۆر چاك وحەکیمانە بوو.

بەنیسبەت پرسیاری سێیەم- پاشگەزبوونەوەی بەرێز ئەردۆغان لەلابردنی گەمارۆ لەسەر (غەزە) خوانەخواستە، بەهیچ جۆر قەبووڵ نییە، چونکە بەشکستێکی گەورە دادەنرێ بۆ شەخسی بەرێز ئەردۆغان، بۆحکومەتی تورکیا، بۆجیهانی ئیسلامی بەگشتی، ئەوەش کارێکی نەگونجاوە.

لەکۆتایی لەخوادەپارێمەوە سەرکردەکانی کورد رێنمایی بکات بۆبەرژەوەندی میللەتی کوردستان، وسەرکەوتویان بکات بەسەرهەمووکۆسپ وتەگەرەکان.



## له‌ دیمانه‌یه‌كی تایبه‌تیدا بۆ گۆڤاری گوڵان

### بێرنارد كۆشنه‌ر وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی فه‌ره‌نسا:

# یاداشتنامه‌یه‌ك له‌گه‌ڵ سه‌رۆك بارزانی ئیمزا ده‌كه‌ین، پێوه‌ندییه‌كانی ئێستا و داهاتووی نێوان هه‌رێمی كوردستان و فه‌ره‌نسا دیاری ده‌كات





## بێرنارد کۆشنەر لە چەند دێڕێکدا

(بێرنارد کۆشنەر) لە ١ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٣٩ لەدایکبووە، (کۆشنەر) سیاسەتمەدار و دیپلۆماتکارە و پزیشکە. ئەندامی دامەزرێنەری (مێدیسنس سانس فرۆنتییێرس)ە (MSF). کە ناسراوە بە رێکخراوی: «پزیشکانی بێ سنوور» و «پزیشکانی جیهان». ئێستا (کۆشنەر) وەزیری دەرەوەی فەرەنسا و کاروبارەکانی ئەوروپایە لە حکومەتی «فیلۆن»ی باڵی راست، لە رابردووشدا بەوە ناسرابوو کە سیاسەتمەدارێکی چەپی ناوەندە.

لە ژیانی سیاسیدا وەك ئەندامێك دەستی پێکرد لە پارتی کۆمیۆنیستی فەرەنسی، لەساڵی ١٩٦٨ لە رێکخراوی خاچی سوور وەکو پزیشکێك لە «بیافرا» کاریکردووە لەمیانی جەنگی ناوخۆیی نەیجیریا. لەساڵی ١٩٧١ «مێدیسنس سانس فرۆنتییێر»ی دامەزراند (پزیشکە بێ سنوورەکان). لە سەردەمی شەڕی ناوخۆیی لوبنان (کۆشنەر) وەکو خۆبەخشێکی مرۆیی لە رۆژهەڵاتی بەیروت لەکاتی گەمارۆدانی سەر کەمپی «نابا» کاریکرد، (کۆشنەر) لە ساتێکدا ژیانی خۆی خستە مەترسییەوە کە هیچ رێکخراوێکی بیانی ئامادەنەبوو ئەو کارەبکات، هەروەها زۆر لە نزیکەوە کاریکردوە لەگەڵ ئیمامی شیعە «موسا ئەل سەدر».

لەساڵی ١٩٨٨دا، (کۆشنەر) ژیانی حکومیی دەست پێکرد کە لە حکومەتی سوشیالیست دەستبەکاربوو، هاوکات

(کۆشنەر) هەر ئەندامیش نەبوو لە پارتی سۆشیالیستی فەرەنسی. لە کابینەی حکومەت ساڵی ١٩٨٨ بۆ کارە مرۆییەکان پۆستی وەرگرت.

پاشان لە سەردەمی سەرۆك «میتران» لەساڵی ١٩٩٢ کرا بە وەزیری تەندروستی و هاوکات بەردەوام بوو لە ژیانی سیاسیی لە پەرلەمانی ئەوروپادا. لەنێوانی ساڵانی ١٩٩٣- ١٩٩٧ حکومەتێکی باڵی ڕاست حکومڕانیی فەڕەنسا کرد.

لەساڵی ١٩٩١ یەکێك بوو لەو خۆبەخشانەی لە کۆڕەوی کوردستان ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە هەروەها یەکێك بووە لەو بەرپرسە فەرەنسیانەی کاری بۆ دەرکردنی بڕیاری ٦٨٨ ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و دروستکردنی نەوای ئارام بۆ هەرێمی کوردستان کردووە، لەنزیکەوە لەسەر کێشەی کورد شارەزایە و دۆستایەتی نزیکی لەگەڵ بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەیە و لە ساڵانی حەفتاکاندا جەنابی بارزانی نەمری بینیوەو پێی سەرسام بوو، هەروەها لەنزیکەوە لەگەڵ بەڕێز تاڵەبانی ئاشنایەتی هەیە و لە ساڵی ٢٠٠٧ کە کونسوڵخانەی گشتی فەرەنسا لە هەولێر کرایەوە، وەك وەزیری دەرەوەی فەرەنسا لەو ڕێورەسمە ئامادەبوو و لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کونسوڵخانەی گشتی فەرەنسای لەهەولێر کردۆتەوە،کە تێیدا د.فردریك تیسۆ وەك کونسوڵی گشتی فەرەنسا لە هەولێر دەست بەکار بووە.

کە «لیۆنێڵ جۆسپن» لەساڵی ١٩٩٧ بوو بە سەرۆك وەزیرانی فەڕەنسا، (کۆشنەر) بۆ دووەم جاری کرا بە وەزیری تەندروستی.

## ڕۆڵی کۆشنەر لە کارە مرۆییەکاندا

١- لە (ڕواندا):

لەمیانی جینۆسایدەکەی «ڕواندا» لە نیسان- تا تەممووزی ساڵی ١٩٩٤ (کۆشنەر) دووجار سەردانی «کیگالی»ی کرد بۆ مەبەستی ڕزگارکردنی منداڵە هەتیوەکان تا بە فڕۆکەیەك بۆ فەڕەنسا بیانبات. (کۆشنەر) لەو ئەرکەیدا سەرکەوتوو بوو، بەڵام تەنیا یەك منداڵ گیانی لەدەستدا کاتێك کە بەهۆی دواکەوتنی ئامرازەکانی گواستنەوەی فەڕەنسی لە فڕۆکەخانەی «نیرۆبی» منداڵەکە مرد. (کۆشنەر) لە مانگی تەمموز بۆ دووەمین جار لەپێناوی کۆتایی هێنان بەو قەیرانە گەڕایەوە بۆ «ڕواندا»و هەوڵیدا لەگەڵ جەنەڕاڵی بەرپرسی نەتەوە یەککگرتووەکان «ڕۆمیۆ دالێر» بۆ ئەوەی دووبارە سوپاکەی بگەڕێنێتەوە بۆ «ڕواندا» و ئاشتی بچەسپێنێ..

٢- نوێنەرایەتیی نەتەوە یەککگرتووەکان لە «کۆسۆڤۆ»:

لە ١٥ی تەمموز/١٩٩٩ و بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش ژمارە ١٢٤٤، سکرتێری گشتی نەتەوە یەککگرتووەکان «کۆفی ئەنان» «کۆشنەر»ی کاندیدکرد وەکو یەککەمین نوێنەری تایبەتیی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەککگرتووەکان و سەرۆکی نێردەی کاتیی ئیدارەی ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان (UNMIK) لە «کۆسۆڤۆ».

لەماوەی ١٨ مانگدا (کۆشنەر) توانیی ئیدارەیەکی نوێی مەدەنی پێکبهێنێت لەگەڵ بونیاتنانی سستەمێکی سیاسی لەشوێنی سستەمە «سڕبی»یەکە. هەروەها سەرکەوتوو بوو لە بونیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووریی کە بەهۆی جەنگی «کۆسۆڤۆ»وە داڕمابوو. لە ٢١ی کانوونی دووەم/٢٠٠١ دیموکراتێکی سۆشیالیست شوێنی گرتەوە، «هانز هاکەرپ». هەر لە هەمان ساڵدا (کۆشنەر) ی بۆ سێیەمین جار کردە وەزیری تەندروستی، تا هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٢ لەبەرامبەر هەوڵ و چالاکییەکانی لە «کۆسۆڤۆ»، زانکۆی «پرستینا» بڕوانامەی دکتۆرای فەخریی بە (کۆشنەر) بەخشی.

٣- لەبارەی داگیرکردنی عێراق لە لایەن ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکاوە:

ماوەیەکی درێژە (کۆشنەر) داکۆکیکارە لە دەستێوەردانی مرۆیی. لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٠٠٣، (کۆشنەر) دەنگیدا بۆ لابردنی سەددام حسێن لە سەرۆکایەتی عێراق و ئاماژەی بەوە کرد کە دەستێوەردان لەدژی دیکتاتۆرێك پێویستە ببێت بە یەکێك لە ئەولەویاتەکانی جیهان.

لە ٤ی شوبات/٢٠٠٣ بە هاوکاریی «ئەنتوان ڤەیڵ» لە «لامۆند» بابەتێکیان نووسی لەژێر ناونیشانی «نە جەنگ و نە سەددام». تیایدا (کۆشنەر) باس لەوە دەکات کە ڕەخنەی لێ گیرابوو و دژایەتی دەکرا لەبەرئەوەی جەنگەکە لە ڕوودان بوو لەدژی عێراق. هەروەکو لەناونیشانی بابەتەکەش روونە، (کۆشنەر) پێشنیاردەکات کە دەکرێ لادانی ڕژێمەکەی «سەددام» لەڕێگای ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان بێت بە دۆزینەوەی ڕێگاچارەی دیپلۆماسی و سیاسی.

وەك یادێك بۆ هاوڕێ و نوێنەری کۆچکردووی نەتەوە یەککگرتووەکان لە عێراق «سێرجیۆ ڤییرا دی میلیۆ»، (کۆشنەر) بوو بە ئەندامێکی دیار لە دامەزراوەی «سێرجیۆ ڤیێرا دی میلیۆ».

## کاندیدکردن بۆ پۆستەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان:

لە ساڵی ٢٠٠٥ (کۆشنەر) کاندیدی ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان بوو بۆ پۆستی کۆمسیۆنی باڵای پەنابەران لە نەتەوە یەککگرتووەکان (UNHCR)، بەڵام پۆستەکە درا بە سەرۆك وەزیرانی پێشووی «پورتوگال»، «ئەنتۆنیۆ گەتەرس»، کە «کۆفی ئەنان»ی سکرتێری گشتیی ئەو کاتەی نەتەوە یەککگرتووەکان کاندیدی کردبوو.

لەساڵی ٢٠٠٦دا، (کۆشنەر) کاندیدکرا بۆ پۆستی بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، بەڵام ئەو پۆستەی وەرنەگرت و لە ڕێی هەڵبژاردنەوە پۆستەکە درایە کاندیدی «هۆنك کۆنگ»ی چینی «مارگرێت چان فەنگ فو چەن» .

پۆستەکانی:

- یەکەمین وەزیرە بۆ کارە مرۆییەکان لە ساڵی ١٩٨٨- تا ١٩٩٢ (لە کابینەی «مایکڵ ڕۆکارد»).
- وەزیری تەندروستی لەساڵی ١٩٩٢- تا ١٩٩٣ (لە سەردەمی «پییێر بێرێگۆڤۆی»).
- ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا لە ساڵی ١٩٩٤- تاکو ١٩٩٧.
- وەزیری تەندروستی لەساڵی ١٩٩٧- تاکو ١٩٩٩ (لە سەردەمی «لیۆنێڵ جۆسپن»).
- یەکەمین نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەککگرتووەکان لە «کۆسۆڤۆ» لەساڵی ١٩٩٩- تا ٢٠٠١.
- وەزیری تەندروستی لەساڵی ٢٠٠١- تا ٢٠٠٢.
- وەزیری کاروبارەکانی دەرەوەیە لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە.



زۆر خۆشحاڵم بە سەردانی بەڕێز مەسعود بارزانی بۆ فەرەنسا، ئەو کەسایەتییەکی گەورەی هەرێمەکەتانە و ئەورۆ یەکەم سەرۆکی هەرێمە کە بەدەنگی خەڵک هەڵبژێردراوە

**سەردانی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە بانگهێشتی فەرمی سەرۆك سارکۆزی بۆ فەرەنسا، وەرچەخانێکی گەورەیە لە پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی فەرەنسادا، وەك لەم دیمانە تایبەتەدا دۆستی دێرینی گەلی کوردستان بەڕێز بێرنارد کۆشنەر وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بە گوڵانی ڕاگەیاندووە، بەڕێز مسعود بارزانی لەگەڵ بەڕێز سارکۆزی سەرکۆماری فەرەنسا و سەرۆکی ئەنجومەنی پیران و بەڕێزیان کۆدەبێتەوە، هەروەها لەم سەردانەدا شاندێکی حکومی یاوەری سەرۆکی کوردستانن و چەندین ڕێککەوتننامەی گرنگ لەنێوان هەردوو لادا ئیمزا دەکرێت.**

*** فەرەنسا نەك تەنیا وڵاتێکی گەورەیە و ئەندامێکی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانە، بەڵکو خاوەن مێژوویەکی زۆر کۆن و شارستانیەتێکی بەرفراوان و دەوڵەمەندیشە. هەروەها خاوەنی شۆڕشێکە لە هەموو جیهاندا کە بە ئیلهامبەخشی ئازادی بۆ مرۆڤ ناسراوە. دەپرسین ئایا فەرەنسا چۆن دەڕوانێتە عێراق و هەرێمی کوردستان؟ هەڵوێستی فەرەنسا بەرامبەر بە عێراق و هەرێمی کوردستان چییە؟**

- سەرسامم بەو ڕێبازەی وڵاتەکەتان بڕیویەتی. وێڕای تەنگوچەڵەمەی یەکجار زۆر و لەسایەی بوێری و ئازایەتی نموونەیی خەڵکەکەی، عێراق خەریکە گرەوی پشتراستکردنەوە و هەستانەوە دەباتەوە: عێراق سەروەری و سەربەخۆیی خۆی بەدەست هێناوەتەوە، باری ئاسایش باشتر بووە، دامودەزگاکان بەهێزتر دەبن، بەڵام پێویستە لەدوای هەڵبژاردنەکانی ۳/۷ی ڕابردوو، حکومەت بەزووترین کات دابمەزرێت.

فەرەنسا ئامادەیە پشتگیری لە عێراق بکات بۆ ئەوەی لە هەوڵەکانیدا سەرکەوتوو بێت و خۆی بە دۆستی نزیکی عێراقییەکان دەزانێت. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە بوو کە دەسەڵاتدارانی فەرەنسی بە دەستپێشخەری سەرۆک کۆمار بڕیاریان دا لە هەموو بوارەکاندا پەرە بە پێوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات بدەن.

هەر وەک ئاگادارن، خۆم چەند جارێک سەردانی عێراقم کردووە، لە ساڵی ۲۰۰۷ و جارێکی تر لە ۲۰۰۸دا. **۲۰۰۹** ساڵێکی تایبەت بوو سەبارەت بە پێوەندی نێوان فەرەنسا و عێراق، سەرۆک کۆمار سەردانی عێراقی کرد، دوای

ئێمە (واتا کوشنێر و سەرۆک بارزانی) زۆر لەمێژە یەکتر دەناسین و لە سەرەتای ساڵەکانی حەفتادا مستەفا بارزانی باوکیشیم ناسیوە و پێی سەرسام بووم



**خۆشحاڵین کە دەبینین کوردەکان رۆڵی خۆیان بەتەواوی لە دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراقی دەگێڕن**

**لەم پێشەکییە کورتەدا دەخوازم زۆر سوپاسی ڕێزدار د. فردریك تیسۆ کونسوڵی گشتی فەرەنسا لە هەولێر و برای بەڕێزم بەختیار عەبدوڵلا حەداد کارمەندی کونسوڵخانەی گشتی فەرەنسا لە هەولێر بکەم، کە کارئاسانی زۆریان بۆ کردین تا بەڕێز جەنابی وەزیر وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە، لەهەمان کاتتدا زۆر سوپاسی برای بەڕێز کاك خانی مام هەژار موکریانی دەکەم کە ئەرکی بۆ کێشاین و دەقی فەرەنسی ئەم دیمانەیەی بۆ کردینە کوردییەکی رەوان . ئەمەش دەقی دیمانە تایبەتەکەی بەڕێز بێرنارد کۆشنەر وەزیری دەرەوەی فەرەنسایە بۆ گوڵان.**

ئەویش چەندین جار سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکانی فەرەنسی و عێراقی چاویان بەیەکتر کەوتووە، دواییین جاریش بەڕێز تاڵەبانی سەردانی فەرەنسای کرد. ئەم گەرموگوڕییە لە پێوەندییەکانماندا بێوێنەیە.

خۆم وەکو چالاکوانێ پارێزگاری لە مافی مرۆڤ و هەم وەکو پزیشکێک پێشتر زیاتر لە ١٠ جار سەردانی عێراقم کردووە و بۆ ماوەیەکی زیاتریش ماومەتەوە. زۆر بڕوام بەوە هەیە کە لە چوارچێوەی پێوەندییەکانمان لەگەڵ عێراقدا، پەرە بە پێوەندییەکانمان لەگەڵ کوردستان بدەین. فەرەنسا رابردوویەکی دووردرێژی دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ هەرێمەکەتاندا هەیە. زۆر خۆشحاڵم بە سەردانی بەڕێز مەسعود بارزانی بۆ فەرەنسا، ئەو کەسایەتییەکی گەورەی هەرێمەکەتانە و ئەورۆ یەکەم سەرۆکی هەرێمە کە بەدەنگی خەڵک هەڵبژێردراوە. ئێمە (واتا کوشنێر و سەرۆک بارزانی) زۆر لەمێژە یەکتر دەناسین و لە سەرەتای ساڵەکانی حەفتادا مستەفا بارزانی باوکیشیم ناسیوە و پێی سەرسام بووم.

**سەرۆک سارکۆزی لە میانەی سەردانەکەی بۆ عێراق هیوای خواست سەرۆک بارزانی بانگهێشتی فەرەنسا بکات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی تێروتەسەل باس لە پێوەندییەکانی نێوان فەرەنسا و کوردستانی عێراق بکرێت**

*** ئێمە وەکو کوردی کوردستانی عێراق بەڕاستی رۆڵی فەرەنسا لە بڕیاری دامەزراندنی ناوچەی ئارام لە ساڵی ١٩٩١ بەگوێرەی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرز دەنرخێنین. هەر بۆیەشە لەو بڕوایەداین کە ئەزموونی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان بەرهەمی هەوڵ و تەقەللای فەرەنسایە بۆ گەلی کورد. دەپرسین ئایا فەرەنسا تا چ رادەیەک گرنگی بەو بەشە ئارامەی عێراق دەدات کە چەند هەنگاوێکی بەرەو دیموکراسی هەڵهێناوە؟**



سەرۆک بارزانی و من «نیازنامە» (Letter d'intention) یەک ئیمزا دەکەین کە چوارچێوەی هاوکاری هەمەچەشنەی هەردوولا لەکاتی ئێستا و لە داهاتوودا دیاری دەکات



لەماوەی سەردانەکەیدا، سەرۆک بارزانی چاوی بە سەرۆک کۆمار، سەرۆکی سێنا (ئەنجومەنی پیران) و هەروەها خۆم دەکەوێت



- ئێوە ئاماژە دەکەن بە رابردووی پڕ لە ئازاری کوردەکانی عێراق و ئەو دەورەی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەروەها فەرەنسا گێڕایان بەمەبەستی پاراستنی کوردستان و مسۆگەرکردنی مانەوەی کورد. ئێستا زۆر بە باشی بەبیرم دێت، کاتێک لەگەڵ کونسوڵی گشتیمان (لە هەولێر)، فرێدریک تیسۆ، لە ساڵی ١٩٩١ لەسەر سنوورەکان بووین. چاومان بە کۆڕەوی ترسناکی سەدان هەزار کورد کەوت کە لەترسی بۆمباران هەڵدەهاتن. تێکڕای ئەندامانی خێزان، کە جاری وا هەبوو منداڵی ورد یان کەسانی بەساڵاچوویان لەسەر پشتیان دانابوو، بەهەر شێوەیەک با دەیانەویست بگەنە تورکیا یان ئێران. بەمەبەستی گەیاندنی یارمەتی و پێویستیی مرۆڤی جارێکی تر چووبوومە حاجی ئۆمەران. لەگەڵ دانیەل میتەران و فرانسوا میتەران هاتینە سەر ئەو باوەڕە کە دەبێت کوردەکان لەرێگەی بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایشەوە بپارێزرێن. هەوڵێکی یەکجار زۆرمان دا تا بڕیاری ٦٨٨ پەسەند کرا. خۆمان بە بەختەوەر دەزانین کە ئەورۆ دەبینین کوردستانی عێراق هەرێمێکی ئارامە، پێشدەکەوێت و تێیدا دیموکراسی پەرەدەستێنێت. ئێمە بەتایبەتی بەوە خۆشحاڵین کە دەبینین کوردەکان رۆڵی خۆیان بەتەواوی لە دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراقی دەگێڕن. لێرەدا دەمەوێت بەتایبەتی رۆڵی سەرۆک تاڵەبانی بەرز بنرخێنم لەو هەڵوێستە عاقڵانە و حیساب بۆکراوانەی گرتوویەتە بەر بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئاستەنگانەی بەرەو رووی عێراق دەبنەوە. من لەمێژەوە، لە چیاکاندا، سەرۆک تاڵەبانی، مام جەلال و هاوڕێی گەورەی لەدەستچووم عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانم ناسیوە.

*** کوردەکانی کوردستانی عێراق قوربانی هێرشی چەکی کیمیایی و ئەنفال بوون. دەزانین کە فەرەنسا یەکەم وڵات بوو کە کوشتاری ئەرمەنییەکانی بەشێوەیەکی فەرمی بە جینۆساید ناسیوە. تا چ رادەیەک دەتوانین گەشبین و ئومێدەوار بین کە فەرەنسا تراژیدیای ئەنفال و ئەو پەلامارانەی بە چەکی کیمیایی کراونەتە سەر کورد بە جینۆساید بناسێت؟**



- دیاره ئەو بابەتەی باسی لێوە دەکەن بابەتێکی زۆر دەردناکە و لەوەش ئاگادارم کە کوردستان بەلایەوە زۆر گرنگە بەسەرهات و رابردووەکەی پشتگوێ نەخرێت و ئەو نەهامەتیانەی بەسەری هاتوون بە فەرمی بناسرێن و دانیان پێدا بنرێن.

عێراق وەکو وڵات شەهیدی دەستی رژێمی سەدام حوسێن بوو، بەتایبەتی کوردستان ئازارێکی یەکجار زۆری چێشتووە. هیچ کەس نییە کەمپەینی ئەنفال و بەرنامەکەی لەبیر بکات کە بریتی بوو لە خاپوورکردنی ٩٠ لە سەدی گوندەکانی کوردستان. دیمەنە ترسناکەکانی بۆمبابارانی کیمیایی هەڵەبجە لە بیری کەس پاک نابنەوە و بەتایبەتیش لە بیر و هۆشی مندا ماونەتەوە، خۆم دوو جار سەردانی هەڵەبجەم کردووە. بەشێوەیەکی شەخسی پشتگیری لە دەستپێشخەری هەموو ئەو رێکخراو و دامەزراوانە دەکەم کە دەیانەوێت ئەم کوشت و کوشتارانە لە بەرامبەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لە بەرامبەر مێژوودا بەشێوەیەکی عادیلانە بە فەرمی بناسرێن.

ئەورۆ عێراقێکی تازە بنیات دەنرێتەوە، عێراقێکی دیموکراتیک کە رێز لە مافەکانی مرۆڤ دەگرێت. مافەکانی مرۆڤ بەرەوپێش دەچن. فەرەنسا شان بەشانی هەموو عێراقییەکان رادەوەستێت بۆ پاڵپشتی لێکردنیان لەپێناوی ئاوەدانکردنەوە و هەستانەوەی وڵاتەکەیاندا.

*** سەرۆک سارکۆزی بە فەرمی سەرۆکی بارزانی بانگهێشتی فەرەنسا کردووە. پرۆگرامی ئێوە بۆ سەردانی بارزانی لە فەرەنسا چییە؟**

- هەروەکو پێشتریش وتم فەرەنسا پێوەندییەکانی لە هەموو بوارەکاندا لەگەڵ عێراق دادەمەزرێنێتەوە و گشت ناوچەکانی عێراقی بەلاوە گرنگە. هەر لەم روانگەیەوە بوو کە سەرۆک سارکۆزی لە میانەی سەردانەکەی بۆ عێراق هیوای خواست سەرۆک بارزانی بانگهێشتی فەرەنسا بکات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی تێروتەسەل باس لە پێوەندییەکانی نێوان فەرەنسا و کوردستانی عێراق بکرێت.

لەماوەی سەردانەکەیدا، سەرۆک بارزانی چاوی بە سەرۆک کۆمار، سەرۆکی سێنا (ئەنجومەنی پیران) و هەروەها خۆم

**فرێدریک تیسۆ – کونسولی گشتی فەرەنسا هەوڵ دەدات پەرە بە پێوەندییە ئابووریەکان بدات لەرێگەی یارمەتیدانی ئەو کۆمپانیا فەرەنسییانەی دەیانەوێت لە کوردستان کار بکەن**

**فەرەنسا بەپاڵپشتی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی پێشوو، سەنتەرێکی کولتووری فەرەنسی لە هەولێر کردەوە**



لە داهاتوویەکی نزیکدا «ماڵی فەرەنسی بۆ کشتوکاڵ و ژینگە» لە هەولێر دەکرێتەوە. ئەمەش لەسەر داوای حکومەتی هەرێمی کوردستان دێتەدی کە دەیەوێت لە بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵدا کەڵک لە ئەزموونی فەرەنسی وەربگرێت

دەکەوێت. ئەم دوو چاوپێکەوتنە دەرفەتێک دەرەخسێنن بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی سیاسی عێراق و هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردستان و بابەتە ناوچەییەکان و پێوەندییە دوولایەنیەکان و هاوکاری نێوان فەرەنسا و هەرێمی کورد. سەرۆک بارزانی و من «نیازنامە» (Letter d'intention) یەک ئیمزا دەکەین کە چوارچێوەی هاوکاری هەمەچەشنەی هەردوولا لەکاتی ئێستا و لە داهاتوودا دیاری دەکات، لە بوارەکانی ئابووری و بازرگانی و زانستی و کولتووریدا. هەر وەکو دەزانن، فەرەنسا تا ئێستا ٧٣ زەمالەی خوێندن لە زانکۆکانی فەرەنسی بە قوتابیانی کوردی بەخشیوە، گرووپێکی ئاسەوارناسی فەرەنسی یەکەم پشکنینی ئاسەوارناسی لە عێراق لە نزیک هەولێر دەست پێکردووە، دوو قوتابخانەی فەرەنسی لە هەولێر و سلێمانی کراونەتەوە، ڕێگە خۆش کراوە بۆ هاوکاری لەبواری تەندروستی گشتی و پەرە بەم هاوکارییە دەدرێت. بەپاڵپشتی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی پێشوو، سەنتەرێکی کولتووری فەرەنسی لە هەولێر کردەوە.

فەرەنسا یارمەتی دارایی پێشکەش بە دوو کۆمپانیای گەورەی فەرەنسی کردووە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی پاک لە کوردستاندا





**فەرەنسا لەبواری ئاسەوارناسیدا هاوكارییەكی زۆر باشی دەسەڵاتدارانی عێراقی و حكومەتی هەرێمی كوردستانی كردووە**

لەلایەكی ترەوە، ئەندامانی ئەو شاندە گرنگە ڕێكخراوە كە لەم سەردانەدا هاوڕێیەتی سەرۆك بارزانی دەكات بۆ دیدار و چاوپێكەوتن لەگەڵ وەزیرانی شارەوانی، گەشتوگوزار، سەرچاوە سرووشتییەكان و هەروەها وەزیری كار و كاروباری كۆمەڵایەتی. چەند كۆبوونەوەیەكیش ڕێكخراون بۆ دیتنی ژمارەیەك لەو خاوەن كارانەی كە لە كوردستان كار دەكەن. تێكڕای شاندەكە سەردانی مۆزەخانەی لۆڤر دەكەن و توێژەرێكیان لەگەڵ دەبێت كە پسپۆڕە لە باكووری عێراق.

*** كونسوڵخانەی فەرەنسی خزمەتێكی زۆر باشی پێوەندییەكانی نێوان خەڵكی كورد و فەرەنسای كردووە. بەئومێدین ئەم پێوەندییە پەرەبستێنێت و لایەنەكانی سیاسی و ئابووریش بگرێتەبەر. لێرەدا دەپرسین ئایا حكومەتی فەرەنسا تا چ رادەیەك پشتگیری لە خاوەنكاران و وەبەرهێنەرانی فەرەنسی دەكات بۆ ئەوەی لە قۆناغی پەرەپێدان و بنیاتنانەوەی وڵاتەكاماندا یارمەتیمان بدەن؟**

- فەرەنسا لە ساڵی ٢٠٠٧دا كونسوڵخانەی گشتی خۆی لە هەولێر كردووەتەوە.

**لە مانگی ئۆكتۆبەری ئەمساڵدا سەنتەری فەرەنسی بۆ ئاسەوارناسی و زانستە كۆمەڵایەتییەكان لەناو قەڵاتی هەولێر دەكرێتەوە**






**لە بواری گەشتوگوزاردا، فەرەنسا ئامادەیە وەڵامی هەموو داواکارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بداتەوە بۆ وردبوونەوە لە هەموو شێوەکانی هاوکاری**

فرێدریک تیسۆ - کونسولی گشتی فەرەنسا — کوردستان زۆر باش دەناسێت و دۆستی لەمێژینەی کوردە، ئەو نەک تەنیا دەیەوێت لەڕێگەی پێوەندییەکانی لەگەڵ کاربەدەستانی هەرێمدا پێوەندی سیاسی نێوان فەرەنسا و کوردستان پتەوتر بکات، بەڵکو هەوڵ دەدات پەرە بە پێوەندییە ئابووریەکان بدات لەڕێگەی یارمەتیدانی ئەو کۆمپانیا فەرەنسییانەی دەیانەوێت لە کوردستان کار بکەن، ڕێگەیان پیشان دەدات و خەڵکی گونجاویان بۆ دەستنیشان دەکات بۆ ئەوەی لە داهاتوودا یارمەتیان بدەن. کونسوڵخانەی گشتی فەرەنسا بۆ ئەم مەبەستە پشتی بە میسیۆنی ئابووری فەرەنسی لە عێراق بەستووە کە لە هەولێر دامەزراوە. جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە ئەو پێشکەوتنانەی لە فەرەنسا لەبواری تەندروستی بەدەست هاتوون، ئاستی پزیشکی لە فەرەنسا و تەندروستیی گشتی دەبێت جێی بایەخی ئێوە بن، چونکە ئەمە یەکێکە لە بناغەکانی بنیاتنانەوەی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و دادپەروەرتر.

حکومەتی فەرەنسا یارمەتی دارایی پێشکەش بە دوو کۆمپانیای گەورەی فەرەنسی کردووە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی پاک لە کوردستاندا. لە ٢٠٠٩ و ٢٠١٠ دا چەند شاندێکی بەرهەمهێنەری دانەوێڵە و ئامێری کشتوکاڵی و هەروەها سوپەرمارکێتی گەورەی وەکو «کارفوور» و کۆمپانیای گواستنەوە و کاروباری ئاو و بەرهەمهێنانی کارەبا سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە.

لە داهاتوویەکی نزیکدا «ماڵی فەرەنسی بۆ کشتوکاڵ و ژینگە» لە هەولێر دەکرێتەوە. ئەمەش لەسەر داوای حکومەتی هەرێمی کوردستان دێتەدی کە دەیەوێت لە بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵدا کەڵک لە ئەزموونی فەرەنسی وەربگرێت. کارەکانی ئەم سەنتەرە سەرتاسەری کوردستان دەگرێتەوە، بەڵام لە سەرەتادا لەسەر ئاستێکی خۆجێییدا کار دەکات.

*** حکومەتی فەرەنسا تا چ رادەیەک لەبوارەکانی ئاسەوارناسی و گەشتوگوزاردا یارمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەدات؟**

- فەرەنسا لەبواری ئاسەوارناسیدا هاوکارییەکی زۆر باشی دەسەڵاتدارانی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە و پەرە بەم هاوکارییە دەدات. لە مانگی ئەپریلدا یەکەم پشکنینی ئاسەوارناسی لەلایەن پرۆفیسۆر رووئۆ لە شوێنێکی نزیک بە هەولێر بەناوی کلک مشک دەستی پێکردووە، بەهاوکاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و کۆلێژی ئاسەوارناسی زانکۆی سەلاحەددین. مێژووی ئەم شوێنەوارە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشوورییەکان و تاکو ئێستا چەندین کەلوپەلی کۆنی زۆر بەنرخ دۆزراونەتەوە (بناغەی ماڵ، گوڵدان، سیرامیک). فەرەنسا هەروەها لە مانگی ئۆکتۆبەری ئەمساڵدا سەنتەری فەرەنسی بۆ ئاسەوارناسی و زانستە کۆمەڵایەتییەکان- کە بەشێکە لە ئەنستیتوی فەرەنسیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست- لەناو قەڵاتی هەولێر دەکاتەوە، ئەم سەنتەرە لە کوردستان و لەسەرتاسەری عێراق چالاکی دەنوێنێت. یەکەم بەرهەمی ئەم هاوکارییە سیمینارێک دەبێت کە لە رۆژانی ١٣ و ١٤ ی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ لەلایەن ئەنستیتوی فەرەنسیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر سازدەکرێت. ئێستاکە هاوکارییەکی پتەو لەگەڵ کۆلیژەکانی زانستە سیاسییەکان و ئاسەوارناسی زانکۆی سەلاحەددین دامەزراوە و پرۆژە هاوبەشەکانیش دەستنیشان کراون. ئەم هاوکارییە دەتوانێت زانکۆکانی تری عێراقی، وەکو زانکۆی بەغدا یان موسڵیش دەگرێتەوە.

لە بواری گەشتوگوزاردا، کە خاوەنی توانایییەکی زۆر گرنگی پەرەسەندنە، فەرەنسا ئامادەیە وەڵامی هەموو داواکارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بداتەوە بۆ وردبوونەوە لە هەموو شێوەکانی هاوکاری. فەرەنسا یەکەم وڵاتی گەشتوگوزارییە لەجیهاندا و ئەزموون و شارەزاییەکی یەکجار زۆری لەم بوارەدا هەیە کە دەکرێت سوودی لێوەربگیرێت بۆ پەرەپێدانێکی هێور و ئارامی کەرتی گەشتوگوزار بە ڕێزگرتن لە ژینگەی کوردستانی عێراق. دەتوانین پێکەوە بیر لە وردەکارییەکانی «ماستەرپلان»ێک بۆ کەرتی گەشتوگوزار لە کوردستان بکەینەوە.

**دەتوانین پێکەوە بیر لە وردەکارییەکانی «ماستەرپلان»ێک بۆ کەرتی گەشتوگوزار لە کوردستان بکەینەوە**

**سیمینارێک لە رۆژانی ١٣ و ١٤ ی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ لەلایەن ئەنستیتوی فەرەنسیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر سازدەکرێت**

